حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحددین-هەولێر

کۆلێژی ئاداب

بەشی مێژوو

زانکۆی سەلاحدین ـ هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل(١٦٤-٢٤١ک/٧٨٠-٨٥٥ز) ژیان و بەرهەمەکانی

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (مێژوو) کراوە، وەک بەشێک

لە پێداویستەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەکردنی

**محەمەد قاسم زێدین**

بە سەرپەرشتی

**د. تریفە ئەحمەد عوسمان بەرزنجی**

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پێشکەش

- بە دایکم، ئەو مرۆڤە میهرەبانەی بێ بەرامبەر، ماندوو نەناسانە بۆ پەروەردەکردنی ئێمە، لەسەر بەهای بەرزی لێبوردەی و میهرەبانی شەو و رۆژی تەمەنی خۆی بە ئێمە بەخشی.
- بە باوکم، کە لە تەمەنێکی بچوک بە بێ باوک ژیانی بە زەحمتکێشی بەڕێکرد و تەرخانکرد بۆ گەیشتنی ئێمە بە هیواکانی ژیانمان، منیش کە بتوانم ئاواتەکەی بهێنمەدی.
- پێشکەش بە برا گەرەکانم کە هەردەم پشت و پەنای منن لە کارەکانمدا.
- پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی بۆ ساتێک لە ساتەکان بوونەتە مامۆستام وانەیان پێگۆتم و لێیان فێربووم.

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە و میهرەبان، کە لە تەواوی ژیانم وە بەتایبەت لەم تەوێژینەوەی دەرچوونە یارمەتیدەرم بووە و لە تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگام و ئارامی و خۆراگری و وورەی پێبەخشیم، بۆ ئەوەی ئەو ئامانجەی هەمە بەدەستی بهێنم.
- هەروەها سوپاس و پێزانینم هەیە بۆ (د. تریفە ئەحمەد عوسمان بەرزنجی) ماموستا و سەرپەرشتیاری بەڕێزم، کە پاک و پوختکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆ، وە لەو ماوەیە یارمەتی دەرم بوو لەگەڵم ماندوو بوو، هاوکاری باشی کردم بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی ئەکادیمی و چاودێریکردنی ئەم توێژینەوەیە.
- سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێژی ئاداب، کە زۆر ماندوو بوون لە گەڕان بەدوای سەرچاوەی ڕەسەن، جێی سوپاس و دەستخوشین.

# لیستی هێما کورتکراوەکان

| هێماکان | ووشەکان |
|---|---|
| **کوردییەکان** | |
| چ | چاپ |
| ک | ساڵی کۆچی |
| ل | لاپەرە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| و | وەرگێر |
| ز | ساڵی زایینی |
| ب.ش.چ | بێ شوێنی چاپ |
| **عەرەبییەکان** | |
| د.ت.ط | دون تاریخ الطبع |
| د.م.ط | دون مكان الطبع |
| ط | الطبعة |
| ص | الصفحة |
| ص ص | الصفحتين |
| ه | تاريخ الهجرى |
| ت | توفي |
| د.تح | بدون تحقيق |

## ناوەڕۆک


**پێشکەش**.................................................. I

**سوپاس و پێزانین**.................................................. II

**لیستی هێما کورتکراوەکان**.................................................. III

**ناوەڕۆک**.................................................. IV

**پوختە** .................................................. VI

**پێشەکی**.................................................. 1

**تەوەرەی یەکەم: کورتەیەک لەسەر ژیانی ئیمام ئەحمەد**.................................................. 3-9

**باسی یەکەم: ناو و ڕەچەلەک و لەدایکبوونی**.................................................. 3

(أ) **ناو و ڕەچەلەک**.................................................. 3

(ب) **لەدایک بوونی**.................................................. 4

**باسی دووەم:- روشنبیری و پێگەیشتنی ئیمام ئەحمەد**.................................................. 4

**- ئیمام ئەحمەد لە فیقهـ و تێگەیشتنی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)**.................................................. 6

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی ئیمام ئەحمەد لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی دا**.................................................. 9-18

**باسی یەکەم: تاقیکردنەوە لە ژیانی ئیمام ئەحمەد دا**.................................................. 9

(أ) **سەرەتایەک دەربارەی ئەو کێشەیەی لە سەردەمی ئیمام ئەحمەد دروست بوو**.................................................. 10

(ب) **دەست پێ کردنی {المحنة} لە سەردەمی خەلیفە (المأمون بالله ١٩٨-٢١٨ک/٨١٣-٨٣٣ز)**.................................................. 11

**باسی دووەم:- سەردەمی خەلیفە محمد (المعتصم بالله) ٢١٨-٢٢٧ک/ ٨٣٣-٨٤٢ز**.................................................. 13

**باسی سێیەم: سەرەتای چاخی دەست ڕۆیشتووی تورک(خەلیفە الواثق بالله) ٢٢٧-٢٣٢ک/٨٤٢-٨٤٧ز**.................................................. 17

**باسی چوارەم: ئیمام ئەحمەد و (المتوکل علی الله) ٢٣٢-٢٤٧ک/٨٤٧-٨٦١ز**.................................................. 18

**تەوەرەی سێیەم: بەرهەم و نوسینەکانی ئیمام ئەحمەد**.................................................. 19-24

**تەوەرەی چوارەم: قوتابییەکانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و کۆتا ساتەکانی ژیانی**.................................................. 25-29

**باسی یەکەم: قوتابییەکانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل**.................................................. 25

باسی دووەم: کۆتا ساتەکانی ژیانی ئیمام ئەحمەد کوڕی حەنبەل........ 28
ئەنجام........ 30
لیستی سەرچاوەکان ........ 32
پاشکۆ........ 36

# پوختە

توێژینەوەکە لە ژێر ناونیشانی ( ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل (١٦٤-٢٤١ک/٧٥٠-٨٥٥ز) ژیان و بەرهەمەکانی) (ر.خ)، باس لە ژیانی کەسایەتی (ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل) دەکات وە بەرهەمە ناودارەکانی، ڕەچەلەکی دەگەڕێتەوە سەر پێغەمبەر(د.خ) وە هەر لە منداڵیەوە بە بێ باوکی گەرورە بووە، سەرەڕای خراپی بارودۆخی ئابووری خێزانی ئیمام ئەحمەد، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبوو لە خواست و ئامانجەکانی بۆ گەیشتن بە زانست و پلەی بەرز لە شەریعەتی ئیسلامدا، دوای ئارام گرتنێکی زۆر لەسەر ئەو لەمپەر و ناڕەحەتیانەی دەهاتنە سەر ڕێگای، هیچ کات نەگەڕاوەتەوە لە پێشخستنی ئاینی ئیسلام و بڵاوکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، ئەوی گرنگە تاقیکردنەوەی مەسەلەی قورئان (خلق القرآن)ە کە موعتەزیلەکان هێنایە کایەوە، ئیمام تاقیکرایەوە لە سەردەمی سێ خەلیفەی عەباسیدا (المأمون بالله، المعتصم بالله، الواثق بالله)، بەڵام ئیمام سەرکەوتوو بوو لە ئامانجەکەی کە قورئان وتەی خوای گەورەیەو دروستکراو نیە، ئەم سەرکەوتنە بووە هۆی ڕێبەرایەتی موسڵمانانی جیهانی ئیسلامی لەو سەردەمەدا، وە بەرهەمە بەناوبانگەکەی بەناوی (المسند الإمام أحمد بن حنبل) بووە ڕێبەری موسڵمانان، ئەم چەند هۆکارە و چەندێکی تر وایکر کە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ببێتە یەکێک لە ڕێبەرەکانی مەزهەبەکانی سونی ئیسلامی کە مەزهەبی حەنبەلیە و کۆتا مەزهەبی سونییە و ئیستاش پەیڕەوکەرانی زۆرن.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکوکان وە هەروەها لە چوار تەوەرە پێکهاتووە. تەوەرەی یەکەم لە سێ باس پێک دێت کە چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت، باسی یەکەم دابەشی سەر دوو لق بووە، لقی یەکەم، ناو و ڕەچەڵەکی ئەم کەسایەتییە، لقی دووەم، باس لە لەدایکبوونی دەکات، باسی دووەم ئاماژە بە ڕۆشنبیری و پێگەیشتنی ئیمام کراوە لە ناو خێزانی و مامۆستاکانی وە لە فیقهـ وتێگەیشتنی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، لیکدانەوە و تێڕوانینەکانی لە فەرموودەکان و قورئان، باسی سێیەم وکۆتایی ئەم تەوەرەیە تیشک خراوەتە سەر ئەو هۆکار و پاڵنەرانەی کە بوونە هۆی ئەوەی ئیمامی ئەحمەد ببێتە پێشینەی زایانی سەردەمی خۆی.

هەروەها تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی (ئەحمەد بن حنبل) لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی دا. ئەو تەوەرەیەش لە چوار باسی سەرەکی پێکدێت. لە باسی یەکەمدا، باسی تاقیکردنەوە لە ژیانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دا، ئەمەش دابەش کراوەتە سەر دوو خاڵ. خاڵی یەکەم،سەرەتایەک دەربارەی ئەو کێشەیەی لە سەردەمی ئیمام ئەحمەد دروست بوو، وە خاڵی دووەم، دەست پێ کردنی تاقیکردنەوە{المحنة} لە سەردەمی خەلیفە (المأمون بالله ١٩٨-٢١٨ک/٨١٣-٨٣٣ز) خراوەتە ڕوو. لە دووەم باسی ئەم تەوەرەیدا تیشک خراوەتە سەر سەردەمی خەلیفە محمد (المعتصم بالله) ٢١٨-

٢٢٧ك/ ٨٣٣-٨٤٢ز كە بە شێوازی سزا ئەحمەدی کوڕێ حەنبەلی تاقیکردۆتەوە. لە تەوەرەی سێیەمدا باسی سەرەتای چاخی دەست ڕۆیشتووی تورک (خەلیفە الواثق بالله) ٢٢٧-٢٣٢ك/٨٤٢-٨٤٧ز کراوە و بارودۆخی وڵات خراوەتە ڕوو. لە کۆتا باسی ئەم بەشەدا باسی ئیمام ئەحمەد و (المتوكل على الله) ٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز کراوە کە کۆتایی بە دەسەڵاتی زانا موعتەزیلەکان هات.

هاوکات تەوەرەی سێیەم ترخانکراوە بۆ بەرهەم و نوسینەکانی ئیمام ئەحمەد کە کتێبە بەناوبانگەکانی دابەشکراوە و نوسەرانی زۆربەی بەرهەمەکانی خراونەتە ڕوو و باس لەمیتۆدی نوسینەوەی بەرهەمی (المسند) کراوە.

هەرچی لە تەوەرەی چوارەم کوتاییە تایبەتکراوە بە دوو باسی سەرەکی. باسی یەکەم قوتابیەکانی ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل، کورتەیەک لەسەر هەندێک لە قوتابییە پێشینەکانی باسکراوە لەوانە (أبو بكر المروذي) و (أبوبكر الأثرم) و (أبي داود السجستاني) لەگەڵ (أبو عبدالله البخاري). هەرچی دووەم باسی ئەم تەوەرەیە باسی کۆتا ساتەکانی ئیمام ئەحمەد دەکا.

# پێشەکی

## ١- گرنگی بابەتەکە:

ڕۆڵی زانایانی ئیسلام لە بنیاتنانی ئایندەی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەبووە، بێگومان دروست بوونی ئەو کەسایەتیانە دەبیت بارودۆخێکی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و جوگرافی لەباری هەبێت بۆ بنیاتنانی کەسانی هۆشمەند و کاریگەر لەسەر ڕووداوە مێژوویەکانی مۆڤایەتی، (ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل) یەکێک بووە لەو کەسایەتیانەی کە ڕوڵ و کاریگەری هەبووە لە ڕووداوەکانی مێژووی ئیسلامدا بەتایبەت لایەنی (عەقیدە) و (باوەڕ) و (تێگەیشتن لە فیقهـ) و پشتراستبونەوە لە بنچینەکان و بیر و فیکری ئیسلام، سەردەمی ناسراو سەردەمی زێڕینی عیلم و زانست بوو کە لە سەردەمی خەلیفە(هارون الرشيد) بەغدا ناوەندی زانست بووە لە جیهاندا، بۆیە باوکی عبداللاش هەر لە زووەوە خولیای زانستی (شريعة) بووە تاوەکو دیاریکردنی ئامانجی خۆی لە کۆکردنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، بۆیە تا تەمەنی ٤٠ ساڵی خەریکی سەفرکردن بووە بۆ گەڕان بەدوای زاناکانی بواری فەرمووده تەنانەت هاوسەرگیری نەکردوە تا تەمەنی ٤٠ ساڵی، ئەم ئامانجە دەبێتە کلیلێک بۆ گەرەترین بەربەست و تاقیکردنەوە(المحنة)ی ژیانی کە لە سەردەمی خەلیفە (الالمأمون بالله) دەست پێدەکات تا هاتنی خەلیفە(المتوكل على الله)، لەو سەردەم گروپی (المعتزلة) پەرەیسەند و لە چەند ساڵی نهێنی بیر  ئایدەلۆژیاکانیان بلاوکردەوە تاکو گەیشتە ناو کۆشکی خیلافەت، بەتایبەت مەسەلەی ئافراندنی قورئانی پیرۆز (خلق القرآن) وە سیفەتەکانی خوای گەورە کە ناوەکانی دەلالەتن لە سیفەتەکانی ...هتد، ئیمام ئەحمەد تاقیکرایەوە بەوەی کە بە زۆرەملێ ئەم بیدعەیە بە ڕاست بزانێت وە مرۆڤایەتی لەسەر بیرێکی چەپ ئاراستە بکرێ، بێگومان ئیمام لەو سەردەمە کەسایەتییێکی دیاری بەغدا بووە لە بواری زاست وفەرموودەدا بۆیە هەموویان چاویان لێ بوو، ئویش ئەو بیرۆڕایەی ڕەتکردەوە و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر وە چەندین ساڵ لە بەندینخانە هەموو ئەمانە بۆ ئەوەی ئایندەی ئیسلام هەر بە ڕاست و پاک بمێنێتەوە، دوای تەواوبوونی تاقیکردنەوە ئیمام ڕێگەی ماڵی گرتەبەر و زانستی بلاوکردەوە و چەندین بەرهەم لە زانستەکەی نوسران و سودی لیوەرگیران کە بووە مەنهەجێکی زانستی لەدوای خۆی.

## ٢- ئامانجی توێژینەوە:

خۆشەویستی و پەیڕوکەران و پارێزەرانی زاست و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) و قورئانی پیرۆز سۆزداری و پەیڕەوکردنی ئاکار و ڕەفتارەکانیان یەکێکە لە ئەرک و فەرمانەکانی سەر موسڵمانان، پێویستە بتس لە ئاکار و رەوشتە بەرزەکانیان بکرێت تەنانەت ئەو کاریگەریانەی دەکرێتە

سەر ئاینی ئیسلام و بەرەو پێشچوونی، وە ( ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل) بەدەر نیە لەو پەیڕەوکەرانە کە بەهۆی دانای و جێبەجێکردنی فەرموودەکان و قرئانی پیرۆز بووە یەکیک لە سەرمەزهەبەکانی سونە کە (حەنبەلی)ە وە ناساندنی بەرهەمەکانی کە زانایانی فەرمووده و خەڵک سودێکی زۆریان لێ بینیووە ڕێوشوینیان گرتۆتە بەر.

### ٣- هۆکاری هەلبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ حەز و ئارەزووی توێژەر لەو بوارەدا، چونکە توێژینەوەی زۆر کراوە لەسەر خەلیفەکان و ناکوکی نێوان دەسەهڵاتەکان وە سەرمەزهەبەکانی ئاینی ئیسلام لەڕوی ژیان و بەرهەم و ڕۆڵ و کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان بە گشتی کراوە، بە حوکمی ئەوەی ئەو سەردەمە بە خالێکی وەرچەرخان دادەنرێت لە مێژووی ئیسلامیدا، هەرچەندە توێژینەوەی زۆر لەسەر زانایانی ئیسلام ئەنجام دراوە بەتایبەت لایەنی مێژووی و ئایینی  و هەندێک بواری تر، بەلام لە زانایان کەمتر باس لە ژیان و بەرهەمەکامەکانی (الامام احمد بن حنبل) کراوە.

### ٤- سەرچاوەکان

ئەو سەرچاوانەی توێژەر زۆر سودی لێبینیوە، سەرەتاسایتەکان و کتیبخانە ئەلیکترۆنیەکان سۆدێکی بەرچاویان هەبوو کارئاسانییێکی زۆری کردووە بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە، سەرچاوە بنەڕەتیەکان سوودێکی زۆر هەبووە بەتایبەت کتێبی (الذهبي) بە ناوی (سير اعلام النبلاء) کە دە بەرگی ئەم کتێبە بەکارهاتووە و سودی لێبینراوە بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە و کتێبی مامۆستا (محەمەد شڵماشی) بەناوی (مەجلیسی ئەولیاء) کە لە دوو بەرگ پێک هاتووە، بووە هۆی ئەوەی کە لەسەر ئەم کەسایەتیە توێژینەوەی دەرچوونم ئەنجام بدەم.

### ٥- کێشەو گرفتەکان:

سوپاس بۆ خوای گەرە لەکاتی نووسینی ئەم توێژینەوە توشی گرفتێکی ئەوتۆ نەهاتین، تەنها ئەوە نەبێت بەهۆی گرنگی بابەتی توێژینەوەکە و زۆری سەرچاوە لەسەری خۆی لە خۆیدا لەمپەرێکی گەورەی بەردەم توێژەر بوو، چونکە لەکاتی نووسینی ئەم توێژینەوەیە گێڕانەوەی زۆر هەبوو وە لە کتێبەکانیدا ڕێژەیەکی زۆر نوسراونەتەوە و جوراو جۆری بەرهەمەکانی و لێک جیاکرنەوەی رای زانایان لەسەری ئەمە کارێکی ئەستەم بوو.

## تەوەرەی یەکەم: کورتەیەک لەسەر ژیانی ئیمام ئەحمەد

### باسی یەکەم: ناو و ڕەچەڵەک و لەدایکبوونی

### (أ) ناو و ڕەچەڵەک

ناوی تەواوی ئەم پێشەوایە باوکی عبدالله، أحمدی کوڕی محمدی کوڕی حەنبلی کوڕی هیلالی کوڕی ئەسدی کوڕی ادریسی کوڕی عبداللەی کوڕی حەیانی کوڕی ئەنەسی کوڕی عەوفی کوڕی قاسطی کوڕی مازنی کوڕی شەیبانی کوڕی زهلی کوڕی سەعلبە، لە هۆزی شەیبانی (المروزي) بغدادیە[١]، هەروەها ئەم کەسایەتییە بە ناوی باپیری دەناسرێت، چونکە باوکی موجاهید بووە و باوکی خۆی نەبینیوە، تەمەنی سێ ساڵ بووە کاتێک باوکی لە تەمەنی سی ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ، بۆیە باوکی ناوبانگی نەبووە بەلام باپیری (حنبل) والی بووە لە (سرخست) لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا، وەخەلکی ناسیویەتی ناوبانگی دەرکردووە، ئێستا دەڵێن (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) وە باپیری یەکێک بووە لەوانەی کە بانگەوازیان بۆ خیلافەتی عەباسی کردووە لە سەردەمی ئەمەویدا، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر ناوبانگی ناسراو لای خەڵک و زاناکان[٢].

هەر وەکو پێشتر باسمان کرد لە باوکیەوە دەگەرێتەوە بۆ (بني شيبان)[٣]، وە دایکی ئیمام ئەحمەد ناوی (صفية)ی کچی مەیمونەی کچی عبداللەی کچی هندی شەیبانی بووە، واتە ئەم دایکە بە سۆزە ئەم پێشەوایەی پەروەردە کردووە لە دوای کوچی دوای باوکی، زۆرجار ئەگەر بڕۆیشتایە بۆ شاری بەسرە لە مزگەوتی بەنی مازن نوێژی دەکرد و دەگۆت: {ئەمە مزگەوتی باوباپیرمە}، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە دایک و باوکی ئەم کەسایەتیە لە بەنی شەیبانن، ئەم خێڵە لە بەسرەدا زور بوون بۆیە بە ئیمامی ئەحمەد دەڵێن (بصري)[٤].

---

(١).الأصبهاني،أبي نعيم احمد بن عبدالله بن احمد بن اسحاق ابن موسى بن مهران، حلية الأولياء و طبقات الأصفياء، ، مطبعة سعادة،(مصر:١٩٣٢م)، ج٩،ص١٦٢؛ ابن كثير، عماد الدين أبو الفداء إسماعيل بن عمر: البداية و النيهاية،دار احياء التراث، (بيروت:١٩٩٩م)، ج١٠، ص٣٢٧؛ الذهبي،شمس الدين ابو عبدالله محمد بن احمد بن عثمان: سير اعلام النبلاء ، دار مؤسسة الرسالة، (بيروت:١٩٨٦ م)، ج٧،ص٤٥٥؛ ابن المنذ التميمى،ابي محمد عبدالرحمن بن ابي حاتم محمد بن ادريس، كتاب الجرح و التعديل،دائرة المعارف العثمانية، (حيدر آباد الدكن ـ هند:١٩٩٧م)، ج١ ،ص٦٨.

(٢). (بنى شيبان): یەکێکە لە خێڵە بەناوبانگەکانی عەشیرەتی بەکر کوڕی وائیل، یەکێکە لە هۆزەکانی رەبیعە وە ڕەچەڵەکیان دەگەرێتەوە بۆ شەیبان کوڕی ثعلەبەی کوڕی عوکابەی کوڕی عەلی کوڕی بەکری کوڕی وائیل، ئەوان یە کێکن لە کۆنترین هۆزەکان لە عێراق نیشتەجێ بوون، لە بەسرە تا ذل قار، پێغەمبەر (د.خ) لە وەرزی حەجدا لە مەککە سەردانیان کرد و پێشنیازی پاراستنیان کرد لە قورەیش تاکو بێنە ناو ئیسلام, بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.alameli.net

(٣).ابن الجوزي،بو الفرج عبدالرحمن: مناقب الامام احمد بن حنبل، دار الآفاق الجديده،(بيروت:١٩٧٣م)، ص١٥؛ الذهبي: سير اعلام النبلاء، ج٧، ص٤٥٨؛ ابو زهرة،محمد: ابن حنبل حياته و عصره_ آراؤه و فقهه، دار الفكر العربى، (بيروت: ١٩٤٨م)، ص١٤؛ ابو زهره،محمد: تاريخ المذهب الفقهية، القاهرة، دار الفكر العربي (بيروت:١٩٤٨)، ص٤٥١.

(٤). ابن الجوزي: مناقب الامام احمد بن حنبل، ص١٩.

**(ب) لەدایک بوونی**

2محەمەدی باوکی لە شاری (مرو) سەرباز بووە، ئەم شارە ناسراوە بە (مرو شاهجان) دەکەوێتە باشوری تورکمنستان، دەوترێت دایکی لە (مرو)دا لە کاتی دوگیانیدا موسڵمان دەبێت(١)، وە کاتێک لە (مرو) دەردەچن ئیمام ئەحمەد لە زگی دایکی دا بووە، لە صالحی کوري ئیمام ئەحمەد دەیگێرنەوە، دەڵێت: باوکم گوتی:{ من لە مانگی ربیع الأول ساڵی ١٦٤ک ( ئاداری ٧٨٠ز) لەدایک بووم}، زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستم دان هەموویان کۆکن لەسەر ئەم ساڵە(٢).

**باسی دووەم:- روشنبیری و پێگەیشتنی ئیمام ئەحمەد**

ئەحمەد کوڕێ حەنبەل هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی لە وەرگرتنی زانست کردووە لە ژێر دەستی ماموستاکانی بەغدادا پەروەردە بووە(٣)، ئیمام بە هەتیوی گەورە بووە زۆر دایکی خۆش دەویست تەنانەت دەڵێت:{ جارێکیان لە کوفە رۆیشتمە دەرەوە توشی سەر ئێشە بووم بۆیە گەرامەوە بۆ لای دایکم چونکە مۆڵەتم لێ وەرنەگرتبوو}(٤)، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گومانی ئەوەی بووە هۆی سەرئێشەکەی ئەوە بووە کە بە بێ پرسی دایکی لە ماڵ دەرچووە.

ئەم ڕێبەرە دەڵێت: {لە سەرەتای تەمەنمدا قورئانی پیروزم لەبەرکرد، کاتێک تەمەنم گەیشتە پازدە ساڵی بەدوای بەدوای فەرموودەدا گەرام لەو ساڵەی کە (مالک ابن أنس)(٥) کوچی دوایی کرد}. واتە ساڵی (١٧٩ک-٧٩٦ز)(٦)، دواتر عیلمی وەرگرتوە لە زاناکانی بەغدا، یەکەم کەس کە ڕووی کردە کۆڕ و کۆمەڵی (قاضي أبو یوسف)(٧)بوو، دواتر لە بەغدادەوە سەفەرێکی درێژی بە مەبەستی خوێندنی بابەتە ئیسلامیەکان دەستپێکردوە و لە پێناو وەرگرتنی فەرموودەدا چەندیت سەفەری زانستی ئەنجام داوە، لەوانە(پێنج جار چووە بۆ بەسرە لە نێوان ساڵانی(١٨٦ک-٨٠٢ز)،(١٩٠ک-٨٠٥ز)،(١٩٤ک-٨٠٩ز)،(٢٠٠ک-٨١٥ز)، هەروەها چووە بۆ کوفە، جەزیرە، مەککە و مەدینە، یەمەن، ناوچە سنووریەکان، هەرێمی چیاو شام) ئەنجام داوە (٨)،

---

(١). الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١١، ص١٧٩.

(٢).الأصبهاني: حلية الأولياء، ج٩،ص ص١٦٢-١٦٣؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٠، ص٢٧٣.

(٣). ابو زهرة: ابن حنبل، ص١٢.

(٤). ابن الجوزي: مناقب الامام احمد بن حنبل، ص٢٦.

(٥).مالك بن أنس ت:(١٧٩هـ/٧٩٥م): مالک کوڕی أنس کوڕێ مالك المدني، خاوەنی مەزهەبی (مالکی)، الذهبي: سير اعلام النبلاء، ج٨،ص٤٩.

(٦).هەمان سەرچاوە، ج١١، ص١٨٠.

(٧).(قاضي أبو يوسف) ت:(١٨٢ک/٧٩٨ز): يعقوب کوڕی إبراهيم کوڕی حبيب الأنصاري، قوتابی (أبی حنيفة النعمان) دادوەری دادوەرەکانی بەغدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ابن الجوزي: مناقب الامام احمد بن حنبل، ص ٢٣؛ الذهبي: سير اعلام النبلاء، ج٨، ص٥٣٦؛ طاهر لەطیف، عەلی: جەدەلی نێوان موعتەزیلەو حەنبەلیەکان ، ل٤٣؛ التركي، عبد الله بن عبدالمحسن:اصول مذهب الامام احمد بن حنبل، دراسة اصولية مقارنه،ط٢،بيروت، دار مؤسسة الرسالة، ص٥٥.

(٨). الخطيب البغدادي، أحمد بن علي بن ثابت بن أحمد بن مهدي،تاريخ بغداد أو مدينة السلام، تحقيق.مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠١١م)، ج٤، ص٤١٢.

دواتر ڕوودەکاتە یەمەن بە شوێن فەرموودەدا چوو بۆ لای (عبد الرزاق) لەگەڵ (یحیی بن معین)[١] و (إسحاق بن راهویة)دا[٢] وە دەڵێ:{ ئەگەر نۆهەت درهەمم هەبوایە دەچووم بۆ لای (جریر بن عبدالحمید)[٣] لە شاری (الري)، هاوڕێکانم ڕۆیشتن چونکە توانایان هەبوو بەڵام من نەمتوانی بچم چونکە نەمبوو[٤]. وە جاری وا بووە بە پێ دەچوو بۆ یەمەن و طەرسوس}[٥].

جارێکیان کابرایەک ئیمام ئەحمەدی بینی (محبرة)یەکی بە دەوەستەوە بوو کابرا گوتی: ئەی باوکی عبدالله گەیشتویتە ئەم تەمەن و زانستە و تۆ پێشەوای موسڵمانانی (محبرة) بۆ هەڵدەگری؟ ئیمام ئەحمەد فەرمووی: لە (محبرة) وە بۆ (مقبرة) واتە گۆرستان.

ئیمام دەڵێت :{بە شوێن زانستا دەگەڕێم تاکو دەچمە ناو گۆڕەوە}[٦].

ئەم کەسایەتییە هێندە تامەزرۆی زانست وەرگرتن بووە کاتێکی زۆری خۆی پێوە بردووتە سەر، چەندەها سەفەری لەپێناویدا کردووە تەنانەت کاتی ئەوەی نەبووە کە ژن بهێنێ تاکوو تەمەنی گەیشتە چل ساڵ[٧].

هەروەکو باسمان کرد کە (قاضي أبو یوسف) ئەو مامۆستایە بوو کە ئیمامی ئەحمەد یەکەم جار ڕووی کردە کۆڕ و کۆمەڵەکەی بۆیە بە یەکەم ماموستای ئیمام دەژمێردرێت بەڵام لێکۆڵەران دەڵێن:{(أبو یوسف) زۆر کاریگەری نەبووە لەسەر ئیمامی ئەحمەد بەڵکو (هشیم بن بشیر الواسطي)[٨] بە یەکەم مامۆستا دادەنرێت}، لە ساڵی (١٧٩-١٨٦ک/٧٩٥-٨٠٢ز) واتە لە تەمەنی ١٦ ساڵی تا ٢٠ ساڵی لای ئەم زانایە بووە، وە (ئیمام شافعی)[٩] بە دووەم مامۆستای دەژمێردرێت یەکەم جار لە حیجاز یەکیان بینی لە ساڵی(١٨٧ک-٨٠٣ز)، کاتێک ئیمام ئەحمەد چوو بۆ حەج (ئیمام شافعی) لە

---

(١). (یحیی بن معین) ت:(٢٣٣هـ/ ٨٣٦م) : یحیی کوڕی معین کوڕی غیاث کوڕی زیاد. هاوڕێی ئیمام ئەحمەد بووە لە خوێند و کۆردنەوەی فەرموودەدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سیر أعلام النبلاء، ج١١، ص٧٢.

(٢).(إسحاق بن راهویة) (١٦١-٢٣٨هـ/٧٧٨-٨٥٣م): اسحاق کوڕی ابراهیم کوڕی عبدالله المروزیە، عاوڕێی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ج١١، ص٣٥٩.

(٣).جریر بن عبدالحمید (١١٠-١٨٨هـ/٧٢٨-٨٠٤م):جریر بن یزید بن عبدالحمید.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:هەمان سەرچاوە،ج٩،ص١٠.

(٤). الذهبي: سیر أعلام النبلاء، ج٧، ص٤٥٨؛ ابن کثیر: البدایة و النهایة، ج١٠، ص٢٧٤؛ أبو زهرة: ابن حنبل، ص٢٤.

(٥). ابن الجوزي: مناقب الامام احمد بن حنبل، ص٢٨.

(٦).: هەمان سەرچاوەی، ص٣١؛ أبو زهرة: ابن حنبل، ص٢٦.

(٧).: هەمان سەرچاوەی ، ص٥٨.

(٨).(هشیم بن بشیر الواسطي) ت:(١٨٣هـ/٧٩٩م): ناوی تەواوی, هشیم کوڕی بشیر کوڕی خازم کوڕی دینار، لە ساڵی(١٠٤ک/٧٢٢ز) لە بەغدا لەدایک بووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سیر أعلام النبلاء، ج٨، ص٢٨٨.

(٩). (ئیمامی شافعی) ت:(٢٠٤هـ/٨٢٠م): محمد کوڕی ئیدریس الشافعی، خاوەنی مەزهەبی شافعی، بۆ زانیاری زیتر بڕوانە:هەمان سەرچاوە، ج١٠، ص٥.

(مسجد الحرام) بوو یەکیان بینی، دووەم جاریش لە بەغدا یەکیان بینی کە ساڵی (١٩٨ک-٨١٣ز) بوو وە زۆر پێی خۆش بوو کە پێکەوە سەفەر بکەن بۆ میسر[(١)].

ئەو زانا و فەرمووده ناسانە گەورەکان کە ئیمام ئەحمەد فەرمووده‌یان لێ وەرگرتووە لەوانە: ئیمام ئەحمەد دەڵێ: {زۆرم لە (هشیم بن بشير) بیستووە،و}، لەگەڵ ئەمانە (عباد بن عباد المهلي ، معتمر بن سليمان التيمي ، سفيان بن عيينة الهلالي أيوب بن النجار ، ويحيى بن أبي زائدة ، علي بن هاشم بن البريد ، قران بن تمام ، عمار بن محمد الثوري. وە زیاتر لەمانە)[(٢)].

لەگەڵ ئەوەشدا ئیمامی شافعی دەڵێت: ئیمامی ئەحمەد پێشەوایە لە هەشت ڕەوشتدا، پێشەوایە لە فەرموودە و فیقهـ و زمانەوانی و قورئان و هەژاری و زوهد و ورع و سوننەت دا[(٣)]، وە جارێکیان ئیمامی شافعی دەڵێت: لە بەغدا دەرچووم کەسم تیادا بەجێنەهێشت لە خواناستر و زاناتر و فەقیهتر و باشتر بێت لە ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل}[(٤)]. وە ئەگەر لە هەر شوێنێکدا (ئیمامی شافعی) بڵێت: {(حدثني ثقة) واتە گێڕانەوە متمانەپێکراو}، مەبەستی ئیمامی ئەحمەدە[(٥)].

## - ئیمام ئەحمەد لە فیقهـ و تێگەیشتنی لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)

ئیمام ئەحمەد زۆر شارەزا بوو لە مانا ومەبەستی فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) وای لێ کردبوو کە ئیمامی ئەحمەد ببێتە یەکێک لەو چوار ڤێشەوا فیقهیە کە تاکو ئێستا زۆربەی خەڵکی لەسەری دەڕۆن، تاکو ئێستا بۆچوونەکانی دەخوێنرێت بووەتە ماموستایەک بۆ خەڵکی ئەوەتا (اسحاق بن راهوية)[(٦)] دەڵێت: {لە عێراق دادەنیشتم لەگەڵ ئیمام ئەحمەد و يحيى بن معين و هاوەڵانی تردا باسی فەرموودەیەکمان دەکرد لە ڕێگایەکەوە یان دوو ڕێگا یان سێ ڕێگاوە یحیی دەیفەرموو: لە فڵان ڕێگە ئەم فەرموودەیە بە ئیجماع دروست(صحیح)ە ؟ دەیانفەرموو: بەڵێ. منیش دەمگوت: باشە، مەبەستی چییە؟ مانای چییە؟ فیقهی چیە؟ هەموو بێ دەنگ دەبوون تەنها ئیمام ئەحمەد نەبێ وەڵامی دەدایەوە}[(٧)].

---

(١). محمد أسود: المدخل دراسة الأديان و المذهب، ص١٨٧؛ حەمید،مەجید حەمید، زانای پایە بەرز ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، هەولێر، (ب،ش،چ: ٢٠٠٦ز)، ل١٣.

(٢). ئیمام ئەحمەد زیاتر لە (٤٠٠) مامۆستا فەرموودەی وەرگرتووە کە هەمویان زانای فەرموودە بوون، بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی مامۆستاکانی بڕوانە: ابن الخطيب: تاريخ بغداد،ج٤، ص ص٤١٢-٤١٣؛ ابن الجوزي: مناقب الامام احمد بن حنبل: ص ص٣٣-٥٦؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١١، ص ص١٨٠-١٨١.

(٣). حەمید، مەجید حەمید: زانای پایە بەرز، ل١٥.

(٤). ابن الخطيب: تاريخ بغداد،ج٤، ص ص٤١٢-٤١٣.

(٥). ابن الجوزى: مناقب الامام احمد بن حنبل، ص٨٤؛ حەمید، مەجید حەمید، زانای پایە بەرز، ل١٦.

(٦). (اسحاق بن راهوية) مردن:(٢٣٨ک/٨٥٣ز): إسحاق کوڕی إبراهيم کوڕی عبدالله کوڕی مطر المروزي، خەڵکی نەیساپورە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١١، ص٣٥٩.

(٧). الخطيب: تاريخ بغداد، ج٤، ص٤١٩؛ ابن الجوزي: (مناقب الامام احمد بن حنبل)، ص٦٣؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٧، ص٤٦١؛ أبو زهرة: ابن حنبل، ص٨٣.

هەر وەکو باسمان کرد کە ئیمامی ئەحمەد زۆر شارەزای مەبەست و فیقهی فەرموودە بووە ، جارێکیان پرسیار کرا لە ئیمامی ئەحمەد: کابرایەک نەزری کردووە کە لەسەر چوار (طواف) بکات بە دەوری کەعبەدا (واتە لەسەر هەردوو دەست و هەردوو پێ) ؟ فەرمووی : دوو طواف بکات و لەسەر چوار طواف نەکات، تەماشای ئەم فیقهە بکەن بینی کە مرۆڤ لەسەر چوار وەک ئاژەڵی لێ دێت و جوان نییە بۆ مرۆڤ و بۆ کەعبەیش، بۆیە هەردووکی پاراست و نەیهێشت سوێندەکەی بکەوێت چونکە دوو جار طواف دەکاتە چوار[١].

## باسی سێیەم:- ئەو پاڵنەرانەی کە بووە هۆی ئەوەی ئیمامی ئەحمەد ببێتە ئەو زانایە

ئەو کەسایەتیانەی لە مێژوودا کاریگەریان هەیە لە گۆرانکاریەکانی رووداوەکانی مرۆڤایەتیدا، بێگومان هەندێک پاڵنەر یان ڕووداو هەن، کاریگەری درووست دەکەن لەسەر ژیانی ئەو کەسایەتییە، لێرەدا مەبەستمان ئیمامی ئەحمەدە ، کە چەند هۆکار و پاڵنەر هەبوون وای لەم پێشەوایە کرد کەببێتە پێشەوای ئایینزا (مزهب)ی حەنبەلی دادەنرێت[٢]، ئەو پاڵنەرانە:

یەکەم: رەوشتی: چەند ڕەوشتێک هەبوو ئیمام ئەحمەد هەردەم دەستی پێوە گرتبوو لەو بەهرانە ئەوەبوو کە ئەگەر هەر فەرموودەیەک یان هەر شەر شتێکی دیکە بخوێندایە بە بە زووترین کات لەبەری دەکرد و بە جوانترین شێوە و بە زووترین کات لێی تیدەگەیشت وە ئارامیەکی زۆری هەبوو لە زانست وەرگرتندا گوێی نەدەدایە هیچ کوسپ و ڕێگرێکی ژیان ئەگەر ڕوویبدایە و خۆی زۆر دەپاراست و لە تاوان خۆی بەدوور دەگرت و زۆر پارێزگاری لە ئیمانەکەی دەکرد، چونکە لەو سەردەمەدا ئەو هەموو (کۆمەڵانە) پەیدا بوون ئیمامی ئەحمەد نەیدەهێشت عەقل بەژدار بێت لە مەسائیلی ئیماندا بەڵکو تەرازووی ئەو تەنها قورئان و فەرموودە بوو[٣].

دووەم: دڵسۆزی(الإخلاص): ناوبراو لە ژیانیدا زۆر دڵسۆز بوو وە خۆی لە (ڕیا) بە دوور دەگرت و هەوڵی دەدا کە لەهەموو کارەکانیدا تەنها مەبەستی خوا بێت و هەیبەت و سامێکی هەبوو کە مامۆستا و قوتابییەکانی شەرمیان لێ دەکرد[٤].

سێیەم: مامۆستاکانی: ژمارەیەک لە مامۆستایەکانی زۆر کاریگەریان لە سەر ژیانی ئیمام هەبوو وە بوونە کۆڵەکەیەک بۆی نەک تەنها لە رووی زانستەوە بەڵکو لە رەوشت و خۆپارێزی و ورع و

---

(١). الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج٧، ص٥٣٦.
(٢). مەجید: زانای پایە بەرز، ل ٢٩.
(٣). أبو زهرة: ابن حنبل، ص ٨٣.
(٤). هەمان سەرچاوە، ص ٩١.

له خواترسان و...هتد لەو ماموستايانه (سفيان الثوري)[١] و(ابن مبارک)[٢]بوون هەرچەندە ناوبراو ئەوانی نەبینی بوو بەڵام بە پێشەوای خۆی دادەنان و زۆر سوودی لێیانەوە وەرگرت وە هەروەها (هشيم بن بشير) و(ئيمامی شافعی) کە ئیمامی ئەحمەد زۆری خۆش دەویستن و سوودێکی زۆری لێی وەرگرتن[٣].

چوارەم:لێکۆڵینەوە تایبەتیەکانی خۆی: کاتێ فەرموودەیەکی وەردەگرت وەکو هەندێ لە هاوەڵانی تەنها فەرموودەکەی لە بەر نەدەکرد بەڵکو هەوڵی دەدا کە لە فەرموودەکە بگات هۆی وتنی ئەم فەرموودەیە چی بوو؟ چەند فیقهی تێدایە؟ چەند ئەحکامی تێدایە؟ هۆی ئەم فەرموودەیە؟..هتد[٤].

پێنجەم: سەردەمی ئیمام ئەحمەد: هەروەکو باسمان کرد لە سەردەمی ئیمام ئەحمەد دا چەند کۆمەڵێک لە کۆمەڵی ئەهلی سوننەو جەماعە جیا بوونەوە وەک (مرجئة)[٥] و (جهمية)[٦] چەند فیرقە و کۆمەڵێکی تر، هەرچەندە لە پێش ئیمامی ئەحمەد هەبوون بەڵام لەسەردەمی ئیمامدا زۆر بوون و پەرەیان سەند چونکە زۆر لە کتێبە فەلسەفییەکان وەرگێرانە سەر زمانی عەرەبی و تێکەڵی عەقیدەی موسڵمان بوو کە بووە هۆی لادانی هەندێ لە موسڵمانان لەسەر مەنهەجی ئەهلی سوننە و جەماعە، موسڵمان دەبێ عەقیدەی خۆی تەنها لە قورئان و فەرموودەوە وەربگریت[٧].

---

(١). سفيان الثوري ت:(١٦١ک/٧٧٨ز): سفیان کوڕی سعید کوڕی مسروق الثوري التميمي الكوفي، ناسراوە بە میری بڕواداران لە فەرموودەدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سير اعلام النبلاء،٧ ص٢٣٠.

(٢). ابن مبارک ت:(١٨١هـ/٧٩٧زم): عبدالله کوڕی المبارک کوڕی واضح الحنظلي، زانای فەرموودە، لە شاری (مرو) کە دەکەوێتە تورکمانستان لەدایک بووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: http://www.mawsoah.net

(٣).أبو زهرة: ابن حنبل، ص ١٠١.

(٤). الذهبي: سير اعلام النبلاء، ج٧، ص١٨٨.

(٥). (مرجئة): یەکێکە لە گروپە دەرچوەکانی بازنەی ئیسلام، لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا باڵادەست بوون، ئەمانە لەڕووی بیروباوەڕەوە جیاوازن لە ئەهلی سونە و جەماعە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (https://www.aljazeera.net).

(٦). (جهمية): گروپێکی کەلامیین کە پەیوەستن بە ئیسلامەوە، وە تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لە چەمکی ئیمانیدا کە خوا سیفەتی نیە لە ناوەکانی، وە ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ دامەزرێنەرەی (الجهم ابن صفوان الخراساني)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الغفيص،يوسف بن محمد علي، شرح القواعد السبع من التدمرية،(https://shamela.ws ).

(٧).أبو زهرة: ابن حنبل، ص ١١٥.

## تەوەرەی دووەم: رۆڵی ئیمام ئەحمەد لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی دا

### باسی یەکەم: تاقیکردنەوە لە ژیانی ئیمام ئەحمەد دا

خوای گەورە لە قورئانی پیروزدا دەفەرموویت:- {الم (١)أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لا يُفْتَنُونَ (٢)وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ (٣)}[١].پرسیار کرا لە پێغەمبەری خوا (د.خ) کەسێک زۆر تووشی بەڵا دەبێت کێن؟ فەرمووی: پێغەمبەران ئەمجار ئەوانەی وەکو ئەوانن[٢].

(رەبیع بن حبیب)[٣] دەڵێت: ئیمامی شافعی کاتێک لە میسر بوو پێی وتم: ئەی (رەبیع) ئەم نامەیە ببە بۆ (احمد بن حنبل) لە بەغدا و وەڵامەکەیم بۆ بهێنەرەوە، رەبیع دەڵێت: کاتێک گەیشتمە بەغدا شەبەق بوو چوم بۆ مزگەوتەکەی ئیمام ئەحمەد نوێژم کرد و پاشان نامەکەم دا بە دەستی ئیمامی ئەحمەد وتم: ئەمە نامەی ئیمامی شافعی یە لە میسرەوە بۆی ناردووی ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: تەماشات کردووە؟ ووتم: نەخێر، کاتێ نامەکەی کردەوە و خوێندییەوە چاوەکانی پڕ بوو لە فرمێسک، ووتم: ئەی باوکی عبدالله چی تیادایە؟ ئیمامی ئەحمەد فەرمووی: (ئیمامی شافعی) دەڵێت: پێغەمبەری خوام (د.خ) لە خەودا بینیوە و پێی فەرمووم: نامەیەک بنوسە بۆ (باوکی عبدالله ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) سەلامی منی پێ بگەیێنە و پێی بڵێ: کە تاقیدەکرێتەوە و بانگی دەکەن بۆ ئەوەی کە گوایە قورئان دروست کراوە تۆیش وەڵامیان مەدەرەوە خوای گەورە بە عیلم بەرزت دەکاتەوە تا رۆژی قیامەت، (رەبیع) دەڵێت: ووتم: مزگێنیم بدەرێ، ئێمامیش کراسەکەی کە لەبەردا بوو پێیدام، گوڕامەوە بۆ میسر، وەڵامی نامەکەم گەیاندە (ئیمامی شافعی)، ئیمام فەرمووی: چی پێت دا؟ ووتم: کراسەکەی کە لە سەر پێستەکەی بوو، ئیمام فەرمووی: لێت ناسێنم بەڵام تەڕی بکە و بیدە پێمان با منیش شەریکت بم[٤].

---

(١). قورئانی پیرۆز: سورة(٢٦)، العنکبوت (١-٣).

(٢). الحمدي، أبي بكر عبدالله بن زبير: المسند إمام احمد بن حنبل ، تحقيق، حبيب الرحمن العظمي، عالم الكتب، (بيروت: د.ت.ط)، ج١، ص١٧٤.

(٣). (ربيع بن حبيب) ت:(٢٧٠ك/٨٨٤ز): الربيع کوڕی سليمان کوڕی حبيب کوڕی عبدالجبار کوڕی کامل، قوتابی ئیمامی شافعی،بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سير اعلام النبلاء، ج١٢، ص٥٨٨.

(٤). ابن الجوزي: مناقب، ص٤٤٥؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٠، ص٢٣٩.

## (أ) سەرەتایەک دەربارەی ئەو کێشەیەی لە سەردەمی ئیمام ئەحمەد دروست بوو

تاکو سەردەمی خەلیفە (هارون الرشید)[1] خەڵکی لەسەر بەرنامەیەکی پاک و پاراوی سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) بوون و دەیان فەرموو: قورئان قسە (کلام)ی خوایە و دروست کراو نییە، بەڵام کۆمەڵەی (المعتزلة)[2] پەیدا بوون ئەوەیان بڵاو کردەوە کە قورئان یەکێکە لە دروستکراوەکانی خوا بەڵام لەو سەردەمەدا بە نهێنی بوو کاتێ ئەم قسەیە گەیشتە خەلیفە(هارون الرشید) گوتی:{بیستومە کە (بشر المريسي)[3] گوتویەتی قورئان دروستکراوە سوێند بە خوا ئەگەر بیدۆزمەوە دەبێ بە شێوەیەک بیکوژم کەس وا نەکوژرابێت}، بۆیە (بشر المريسي) خۆی دەرنەخست تاکو (هارون الرشيد) کۆچی دوایی کرد ئەمجار خۆی دەرخست و بانگەوازی خەڵکی کرد بۆ ئەوەی گومڕایی یە، وە لە سەردەمی خەلیفە (الأمين)[4]یشدا نەیدەتوانی بیروڕاو ئایدەلۆژیای موعتەزیلی بڵاو بکاتەوە، چونکە خەلیفە (الأمين) لەسەر ڕێچکەی باوکی خۆی چوو دژ بە گروپی موعتەزیلەکان، بەڵام کاتێک خەلیفە (المأمون) هاتە سەر دەسهەڵات لەدوایی براکەی، چەند کەسێک لە زانایانی

---

(١). هارون الرشيد (١٧٠-١٩٣ک/٧٨٦-٨٠٩ز): میری بڕواداران، پێنجەم خەلیفەی دەوڵەتی عەباسییە لە پاش مردنی برای ( الهادي) لە سەر ڕاسپاردەی باوکی (المهدي) بەیعەتی پێدرا بۆ خیلافەت لە(مانگی ڕەبیعی یەکەم١٧٠م/مانگی ئەیلول٧٨٦ز)، یەکێکە لە خەلیفە ناودارەکانی عەباسی ناسراوە تەنانەت گەیشتۆتە ڕۆژئاوا وە سەردەمەکەی بە سەردەمی زێڕینی خیلافەت دادەنرێت، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الطبري،ابي جعفر محمد بن جرير بن يزيد:تاريخ الرسل والملوك،تحقيق،محمد أبو الفضل إبراهيم،ط٢،دار المعارف (قاهرة:١٩٦٦م)، ج٨، ص٢٣٠؛ فتح الله، کامەران عەلی: مێژووی دەوڵەتی عەباسی(١٣٢-٦٥٦ک/٧٤٩-١٢٥٨ز)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر:٢٠١٩)، ل٧٢.

(٢). کۆمەڵەی (المعزلة): لەڕووی چەمکەوە زۆربەی سەرچاوەکان لەوەدا هاوشێوەن، کە ئەم چەمکە بۆ وشەی(عزل) دەگەڕێتەوە، کە بە واتای ( دوورکەوتنەوە و کەنارگرتن و وازهێنان)دێت، خودی چەمکی موعتەزیلە واتە (جەمعە) دەبێتە(جیابوەوەکان و کەنارگرتوان و دوورەپەرێزەکان)، ئەم گروپە دەگەڕێتەوە بۆ (وائل ابن عطاء ت:١٣١ک/٧٥١ز) کاتێ دابڕا لە حەلقەی (الحسن البصری ت:(١١٠ک/٧٢٨ز) لە مزگەوتی (بێرە) و حەلقەیەکی تری بۆ خۆی دروست کرد، بەهۆی پرسیار کردن بەوەی تاوانکردنی گەورە کافرە یان باوەڕدارە، وائیل ووتوبووی نە کافرە نە موسڵمانە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: لەطیف، علی طاهر:جەدەلەی نێوان موعتەزیلەو حەنبەلییەکان، بەشی زانستە مرۆڤاتییەکان،(زانکۆی سلێمانی: ٢٠١٧)، ل ل ٢-٢٠؛ کامەران عەلی: مێژووی دەوڵەتی عەباسی، ل١٢٥.

(٣). بشر المريسي: ناوی(عبدالرحمن، بشر بن غياث بن ابي كريمة المريسي)ە، ناوبراو یەکێکە لە زانا گەورەکانی (معتزلة) و ڕابەر و پێشەوای گروپی(المريسية)ی سەر بە موعتەزیلەکانە، لە دەوروبەری ساڵی(١٣٨ک/٧٥٦ز) لە بەغدا لەدایکبووە، لە ساڵی (٢١٨ک/٨٣٣ز) کۆچی دوای کردوە، باوکی جولەکە بووە و دواتر موسڵمان بووە و بۆتە مەوالی(آل زيد بن الخطاب)، (بشر) سەرەتا سەرۆکایەتی لەگەڵ فیقهو فەرمووودەوانیدا هەبووە، ، فیقهی لە دادوەر یوسف الحنفی وەرگرتووە، بەڵام دواتر دەبێتە کەسێکی موعتەزیلی و مەسەلەی خەلقی قورئان لە شاری بەغدا بڵاو دەکاتەوە و بانگەشەی بۆ دەکات، بەم هۆیەوە بوو بە موعتەزیلەیەکی بەناوبانگی سەردەمی خۆی، وە زۆرجار مشتومڕی ئیمامی شافعی دەکرد(ر.خ). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (ابن خلكان،ابی العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابی بكر وفيات الاعيان و أبناء و أنباء الزمان، المحقيق، احسان عباس، ج١، دار صادر، (بيروت: ١٩٧٨م)، ص٢٧٧؛ الذهبي:سير اعلام النبلاء،ج١٠، ص١٩٩).

(٤). خەلیفە (الأمين) (١٩٣-١٩٨ک/٨٠٩-٨١٣ز): محەمەدی ئەمین، کوڕی محەمەدی مەهدی کوری مەنسور، ئەبو موسای هاشمی عەباسی، دایکیشی ناوی زوبەیدەی کچی جەعفەری ئەبو جەعفەری مەنسورە. ئەمین، لە (ڕسافە) لەساڵی (١٧٠ک/٧٨٦ز) لە دایکبووە لە پاش مردنی هارونی باوکی بەیعەتی پێدرا بۆ خەلافەت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: طقوش، محەمەد سهيل، مێژووی دەوڵەتی عەباسی، و: هێمن ئەحمەد، چاپخانەی چوارچرا، (سلێمان: ٢٠١٥)، ١٤٩ل.

موعتەزیلەکان بوون بە هاوڕێی نزیکی و توانیان بیر و باوەڕی خەلیفە (الأمین) بۆ لای خویان ڕابکێشن وە قەناعەتی پێ بکەن کە قورئان دروستکراوی خودایە[١].

## (ب) دەست پێ کردنی {المحنة} لە سەردەمی خەلیفە (المأمون بالله ١٩٨-٢١٨ک/٨١٣-٨٣٣ز)

لە سەردەمی خەلیفە (المأمون) دیاردە و فیتنەی (محنة القران) روویدا، لە مانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی ٢١٢ک/ خەلیفەی موسڵمانان دوو بیدعەی لەناو خەڵکیدا بڵاوکردەوە، یەکەمیان ئەوە بوو کە دەیگوت قورئانی پیروز دروست کراوی خوایە وو ئافرێنراوە (القرآن مخلوق) وە دووەمیان ئەوە بوو کە دەیگوت:{ (علي ابي طالب) لە هەموو خڵکی باشترە (مەبەستی ابو بکر و عمر بوو)}[٢]. وە لە ساڵی ٢١٨ک خەلیفە (المأمون) کە خۆی لە طرسوس بوو نوسراوێکی نارد بۆ جێگرەکەی خۆی لە بەغد کە (اسحاق بن ئیبراهیم الخزاعي)[٣] بوو تیایدا فەرمانی پێ کردبوو کە هەموو قازی و فەرمووودەناسان تاقیبکاتەوە دەربارەی قورئان کە ئایە دروست کراوە یان نا، ئەم قسەیە نەک تەنها فەرمووودەناسان و زانایانی ئەهلی سوننەو جەماعە پێی رازی نەبوون تەنانەت زانایانی ئەهلی کەلامیش هەموو لە سەری یەک دەنگ نەبوون[٤].

کاتێک نامەکانی خەلیفە (المأمون) گەیشتە بەغدا بە سەر خەڵکیدا دەخوێنرایەوە، وە لە یەکێک لە نامەکاندا خەلیفە چەند کەسێکی دیاری کردبوو کە بینێرن بۆ شاری (الرقه) [٥] بۆ لای خۆی ئەوانیش فەرمووودە ناسان بوون، هەموویان تاقیکرانەوە ئەوانیش بە ناچاری دانیان نا بەوەدا کە قورئان دروستکراوە، ئەمجار اسحاق کۆمەڵێکی بانگ کرد لەوانە (احمد بن حنبل)و (قتیبة)[٦] و (بشر بن الولید)[٧]وە چەندین زانای تر، کە یەک بە یەک تاقیکرانەوە و زۆربەیان رازی نەبوون لەسەر ئەوەی کە قورئان دروست کراوێکە لە درروست کراوەکانی خوا.

صالحی کوڕی ئیمام ئەحمەد دەگێرتەوە: باوکم گوتی: کاتێک من هاتمە پێشەوە ئیسحاق لێی پرسیم : ئایە دەڵێیت قورئان دروست کراوە؟ منیش وەڵامم دایەوە : قورئان کەلامی خوایە و لەمەیش

(١).ابن الجوزي:مناقب الامام احمد بن حنبل، ص٣٠٨؛ الذهبي: سیر اعلام النبلاء،ج١١، ص٧؛ أبو زهرة: ابن حنبل، ص٤٤.

(٢).ابن کثیر: البدایة و النهایة، ج١٠،ص٢٢٣؛ الذهبي، شمس الدین محمد بن احمد بن عثمان بن قایماز الذهبي، تاریخ الاسلام ووفیات المشاهر و الاعلام حوادث ووفیات (٢١١-٢٢٠هـ)، تحقیق،عمر عبدالسلام تدمري، دار الکتاب العربي، بیروت:٢٠٠٣م، ص٣٢.

(٣).(اسحاق بن ئیبراهیم الخزاعي) ت:(٢٣٥ک/٨٥٠ز): إسحاق کوڕی إبراهیم کوڕی مصعب، حامی بەغدا لە سەردەمی (المأمون بالله، المعتصم بالله). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سیر اعلام النبلاء،ج١١، ص١٧١.

(٤). مەجید: زانای پایە بەرز، ل٥٣.

(٥). (الرقة): شاری رەقە دەکەوێتە باکوری سوریا ١٤٠کم دوورە لە باکوری روژهەلاتی حەلەب. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.aljazeera.net.

(٦). (قتیبة) ت:(٢٧٦هـ/٨٨٩ز): قتیبة کوڕی سعد کوڕی جمیل کوڕی طریف الثقفي، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سیر اعلام النبلاء،ج١١، ص١٤.

(٧). (بشر بن الولید) ت:(٢٣٨ک/٨٥٣ز): بشر کوڕی الولید کوڕی خالد الکندي، زانای فەرمووودە لە بەغدا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ج١٠، ص٦٧٤.

زیاتر نالێم. دواتر ئیسحاق لێی پرسیم:چ دەڵێیت بەو نوسینەی کە خوێندمانەوە (واتە نامەی خەلیفە مەئمون)؟ وەڵامم دایەوە و گوتم: { لیس کمثله شیء وهو السمیع البصیر}. یەکێک لە موعتەزیلەکان گوتی: ئەوە دڵێت خوای گەورە دەبیسێ بە گوێ و دەبینێ بە چاو، ئیسحاق گوتی: چیت دەوێت؟ منیش وەڵامم دایەوە: کە خوای گەورە دەیەوێت ئەویش ئەوەیە کە خۆی وەسفی خۆی کردووە و لەمە زیاتر نالێم[١].

لەم تاقیکردنەوەیەدا تەنها چوار کەس مان کاتێک خەلیفە بڕیاری دا ئەوانەی رازی نەبن بیان نێرنە (طرسوس)[٢] تاوەکو خەلیفە بەخۆی تاقیان بکاتەوە، لەو چوار کەسەی ئیسحاق تاقیان کردەوە دوو کەس دانیان بە بڕیاری خەلیفە (المأمون)یان نا وئازاد کران، بەڵام ئەو دوو کەسەی کە وەڵامی نەدانەوە (محەمەدی کوڕی نوحی جندیساپوری) و ( ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) بوون ئەوانیش سوربوون لەسەر قسەی خۆیان، (ئیسحاق) بە زنجیر و کەلەپچە توند بەستنی و ناردنی بۆ لای خەلیفە (المأمون)[٣]، لەو سەردەمەدا مسوڵمانان چاویان لە وەڵامی ئیمام ئەحمەد بوو کە ئەگەر ڕازی بێت بەم بڕیارەی خەلیفە ئەوا هەموو ئیسلام لەسەر ئەم بیدعەیە دەڕۆیشت بۆیە ئیمام دانی بە بڕیاری خەلیفەی نەنا.

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و محمدی کوڕی نوح بە بەندکراوی لە سەر یەک حوشتر بەڕێ کەوتن بۆ طرسوس، ئیمام ئەحمەد دەڵێت: هیچ وتەیەک زۆر کاریگەری نەبووە لە سەرم وە قسەی ئەو کابرا دەشتەکییە کە ناوی (جابر ابن عامر) بوو، پێی وتم:{ئەمڕۆ تۆ نوێنەری خەڵکیت تۆش ڕەشبین مەبە لە سەریان و تۆ ئەمڕۆ گەورەی خەڵکیت ئاگادار بە وەڵامیان نەدەیتەوە گوناهی هەموو هەڵبگریت لە ڕۆژی قیامەتدا،ئەگەر خوات خۆش دەوێت ئارام بگرە لە ئەوەی کە لە سەریت باش بزانە لە نێوان تۆ و بەهەشتدا هیشتدا هیچ شتێک نییە تەنها کوشتن نەبێت و ئەگەر نەکوژرێیت ئەوا دەمریت و ئەگەر بژیت بە سەربەرزی دەژیت} ئیمام ئەحمەد دەڵێت:{ورەی زۆر بەرز کردمەوە}[٤]، کاتێ نزیک بوونەوە لە خەیمەکەی خەلیفە (المأمون) نزیک بوونەوە لە نیوە شەودا کابرایەک خۆی کرد بە ژووردا و گوتی: موژدە وا خەلیفە (المأمون) کوچی دوایکرد، نە ئەوان خەلیفەیان بینی نە خەلیفە ئەوانی بینی، ئیمام ئەحمەد و محەمەدی هاوەڵی گەڕانەوە بەغدا، بەڵام لە گەڕانەوەدا لە ساڵی ٢١٨ک/٨٣٣ز (محەمەدی کوڕی نوح) کوچی دویکرد و ئیمامی ئەحمەد نوێژی لەسەر کرد[٥].

---

(١). الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١١، ص٢٣٨؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٠، ص٢٢٩.

(٢). (طرسوس): دەکەوێتە باشووری تورکیای ئێستا، خەلیفە (المأمون) لەوێوە ویستی هێرش بکاتە سەر دەوڵەتی بێزەنتی، هەر لەوێش کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو: ج١٠، ص٢٨٨.

(٣). ابن الجوزي: مناقب ئيمام احمد بن حنبل، ص٣١٤؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١١، ص٢٤٢؛ ابن كثير: البداية و النهاية: ج١٠، ص٢٧٨.

(٤). ابن الجوزي: مناقب ئيمام احمد بن حنبل، ص٣١٥؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١١، ص٢٤٢.

(٥).هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٣١٣؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٠، ص٢٧٨.

خەلیفە (المأمون) کۆچی دوایی کرد دوو وەسیّتی بەجیٚ هیٚشت یەکەمیان ئەوە بوو کە داوای لە (معتصم)ی برای کرد پاش خۆی خەڵکی تاقیبکاتەوە و لە سەر پەیڕەو و بەرنامەکەی ئەو بڕوات، وە دووەمیان ئەوە بوو کە زیاتر بایەخ بدات بە (احمد بن ابي دؤاد)[1] و بیکات بە وەزیری خۆی و پشتی پیٚ ببەستیٚت چونکە (ابن ابي دؤاد) زیاتر بایەخی دەدا بە کیٚشەکەو (معتصم) پیاویٚک نەبوو خەریکی عیلم و زانیاری بیٚت بەڵکو خەریکی شەڕ و غەزا کردن بوو بۆیە هەموو کیٚشەکەی خستە ئەستۆی (ابن ابي دؤاد)[2].

## باسی دووەم:- سەردەمی خەلیفە محمد (المعتصم بالله) ٢١٨-٢٢٧ك/ ٨٣٣-٨٤٢ز

أبو اسحاق کوڕی هارون کوڕی المهدي کوڕی أبو جعفر، ناسراو بە المعتصم بالله ،دایکی ناوی (مارده) بووە، تورک بووە، توانا و لیٚهاتوو بووە لە ڕووی سەربازی و جەنگەوە، ڕاهیٚنەر بوو لە جەنگ لە ڕۆژی مردنی الالمأمون ی برای لە طرسوس گفت و بەیعەتی پیٚدرا[3].

وەسیەتی المؤمون جیٚ بەجیٚ کرد لە پابەندبوون بەلایەنگری المعتزلة هەرچەندە المعتصم بالله حاڵی نەبوو لە (**علم الكلام**)؛ یان زانستی الكلام ، ئەم زانستە بەشیٚکە لە زانستی فیقهـ ، بەڕای شەهرستانی و ئیبن خلدوون، زانستی کەلام بریتییە لەو زانستەی کە لەم بوارە، واتە لە بواری بیروباوەڕ دوکۆڵیٚتەوە و ئامانجی سەلماندنیەتی و بەڵگەهیٚنانەوە لەسەری و وەڵامدانەوە بەو گومانانەی کە لەبەردەم ئەم بیروباوەڕانەدا دروست دەبیٚت، **هاری ئ.ولفسۆن** دەڵیٚت لە شیٚوەی قسەکردنی شەهرستانییەوە ئیٚمە ئەوە تیٚدەگەین کە فۆرمیٚک لە زانستی کەلام بەر لە (واصلی کوڕی عطا) و سەرهەڵدانی موعتەزیلە هەبووە، (حەسەنی کوڕی موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتالیب) یەکەم کەسە کە نامەیەک لەبارەی ئەم کیٚشەیەوە (واتە لەبارەی کەسیٚکە کە گوناهی کردبیٚت کافرە یان نا) دەنوسیٚت و دەتوانین ئەو کتیٚبەی بە یەکەم کتیٚبی کەلامی (علم الكلام) لە میٚژووی ئیسلامدا لە قەڵەم بدەین[4].

---

(١).(احمد بن ابي دؤاد) ١٦٠-٢٤٠ك/٧٧٦-٨٥٤ز: ناوی تەواوی، ئەحمەد کوڕی باوکی دوئاد فرج کوڕی جرير سەر بە خیٚڵی ئەیادی عەرەبی، لە قنسرين لە دایک بووە ، زۆر شارەزابووە لە زانستی کەلام بۆیە ڕۆڵی هەبووە لە دەوڵەتی عەباسی لە سەردەمی خەلیفە (المأمون، معتصم بالله، واثق بالله، متوكل بالله)، یەکیٚک بووە لە زانا هەرە گەورەکانی موعتەزیلە و وتەکانی کاریگەری هەبووە لەسەر خەلیفەکان بە تایبەت مەئمون و واسق و موعتەسم، کە فکری (خلق القران) بڵاوکردەوە، لە کۆتای ژیانی توشی ئیفلیجی بوو لە بەغدا کوچی دوایکرد. بو زانیاری زیاتر بروانە: ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج١، ص٣٨.

(٢). أبو زهرة: ابن حنبل، ص٦٥.

(٣). کامەران عەلی: میٚژووی دەوڵەتی عەباسی، ل ل ١٣٨-١٣٩.

(٤). الذهبي، تاريخ الاسلام حوادث و وفيات (٢١١-٢٢٠هـ)، ص٣٢.

له مانگی ڕەمەزان ئیمام ئەحمەد تاقیکرایەوە و ئەشکەنجەدرا[١]، صالحی کوڕی ئیمامی ئەحمەد دەڵێت باوکم فەرمووی: کاتێک منیان لە طرسوس گەڕاندەوە بۆ بەغدا، لە ڕەمەزانی ساڵی (٢١٩ک/٨٣٥ز) دا بە بەنکراوی منیان برد بۆماڵی اسحاق بن ابراهیم کە بەرپرسی پۆلیسی بەغدا بوو لەوێ بەند کرام و هەموو ڕۆژێک دوو کەسیان بۆ لای منیان دەنارد بە مەبەستی گفتۆگۆ کردن، من بیست و هەشت مانگ لە زینداندا مامەوە پاشان بانگ کرام بۆ لای خەلیفە منیان بردە بەندینخانە لە ڕۆژی دواتردا منیان بۆ لای خەلیفە برد هەمووو کۆت و کەلەپچەکانی خۆم هەڵگرت و چوومە ژوورەوە بۆ لای خەلیفە بینیم وا خەلیفە و (احمد بن ابي دؤاد) و کۆمەڵێک لە زانایانی موعتەزیلە دانیشتوون[٢].

سەرتای گفتۆگۆی (المعتصم) و ئیمامی ئەحمەد لەوە دەستی پێکرد دوای ئەوەی کە خەلیفە ڕێگەی پێدا کە قسە بکات، ئیمام ئەحمەد پرسیاری کرد: ئەی پێشەوای ئیمانداران ئایە پێغەمبەری ئاموزات (د.خ) بۆ چ شتێک بانگەوازی خەڵکی کرد؟ معتصم گوتی: بۆ ئەوەی خەڵکی شایەتمان بهێنن و بڵێن (لا إلــهَ الاَّ اللّٰه) ئیمامی ئەحمەد گوتی: من شایەتی دەدەم کە (لا إلــهَ الاَّ اللّٰه). دواتر چەند بەڵگەیەکی بۆ هێنانەوە کە پێغەمبەری خوا بانگەوازی خەڵکی کردووە بۆ (لا إلــهَ الاَّ اللّٰه) وە ئەگەر کێ ئەوە بڵێت خوێنی حەڕام دەبێت لەسەر مسڵمانان. ئیمام ئەحمەد دەڵێت: دواتر (ابن ابي دؤاد) چەند قسەیەکی کرد بەڵام من وەڵامم نەدایەوە چونکە لە قسەکانی تێنەدەگەیشتم. معتصم گوتی: بۆ وەڵامی نادەیتەوە؟ منیش گۆتم: بە کەسێکی ئەهلی عیلم نازانم تاکو قسەی لەگەڵدا بکەم. دوای چەند گفتۆگۆیەک، خەلیفە گوتی: عبدالرحمن؛ ئەمەش زانایەکی موعتەزیلە بوو، گفتۆگۆی لەگەڵدا بکە.

عبدالرحمن گوتی: چی دەڵێیت دەربارەی قورئان؟

ئیمامی ئەحمەد وەڵامی نەدایەوە.

معتصم گوتی: وەڵامی بدەرەوە.

ئیمام ئەحمەد پرسیاری لێ کرد: چی دەڵێیت دەربارەی عیلم؟ عبدالرحمن بێدەنگ بوو.

ئیمامی ئەحمەد گوتی: قورئانی پیرۆز لە عیلمی خوایە، وە کێ بڵێت علمی خوا دروست کراوە ئەوا کفری کردووە، عبدالرحمن بێ دەنگ بوو.

---

(١). محمود، عبدالعزيز أحمد، الأمن في بغداد خلال العصر العباسي الأول(١٤٥-٢٤٧هـ/٧٦٢-٨٦١م)، التاريخ اسلامي،أطروحة دكتواه، كلية الأداب، الجامعة صلاح الدين، (اربيل: ١٩٩٨)، ص١٣١؛ هاوژینی مەلائەمین، دەروازەیەک بۆ ئاشنابوون بە زانستی کەلام، پوختەی کتێبەک:https://www.kurdipedia.org.

(٢). ابن الجوزی: مناقب الامام احمد بن حنبل، ص ص ٣١٩-٣٢٠.

بەڵام لەناو خۆیاندا بە خەلیفەیان گوت: ئەی پێشەوای ئیمانداران تۆ و ئێمەی کافر کرد، بەڵام معتصم گوێی پێنەدان.

عبدالرحمان گوتی: خودا بوو بەڵام قورئان نەبوو.

ئیمام پرسیاری کرد گوتی: ئایە خودا بوو عیلم نەبوو؟ عبدالرحمن بێ دەنگ بوو.

ئەمجار لە ناو خۆیاندا کەوتنە گفتۆگۆ و ئیمامی ئەحمەد گوتی: ئەی پێشەوای ئیمانداران بەڵگەیەکم لە قورئان یان فەرموودەکان بۆ بهێنەوە تاکو منیش شوێنتان بکەوم، (ابن ابي دؤاد) گوتی: بۆ تۆ تەنها بە شوێنی ئەو دوو شتە دەکەویت؟

ئیمامی ئەحمەد گوتی: ئیسلام لەسەر ئەو دوو شتە بەندە[١].

دواتر گفتۆگۆیەکی زۆر کرا بەڵام نەیان توانی ئیمامی ئەحمەد ببەزێنن، لەکاتی ئەو هەموو قسانەدا ئیمامی ئەحمەد بەڵگەی بۆ ئەوان دەهێنایەوە کەچی ئەوان دەیانگوت:{ئەی پێشەوای ئیمانداران ئەم کابرایە گومڕایە و خەڵکی بانگ دەکات بۆ گومڕایی}، کاتێ بینیان قسەکردن لە گەڵیدا هیچ سودی نییە گوتیان:{ئەی پێشەوای ئیمانداران جوان نییە بۆ تۆ ئەم کابرایە ئازادکەیت و دوو خەلیفە ببەزێنێت}، لەم کاتەدا خەلیفە پەست بوو بە ئیمامی ئەحمەد گوتی: {لەعنەتی خوات لێ بێت حەزم کرد وەڵامم بدەیتەوە کەچی وەڵامت نەدامەوە، بیبەن بۆ بەندینخانە و ئازاری بدەن}، دەستیان کرد بە لێدانی کوڕی حەنبەل و چەند تاڵێک لە قژی پێغەمبەر(د.خ) پێی بوو لێیان سەند، ئەمجار ئیمام ئەحمەد گوتی: {ئەی پێشەوای ئیمانداران پێغەمبەری خوا(د.خ) دەفەرموێت: {لا يحل دم امرئ مسلم يشهد ان لا اله الا الله الا باحدى الثلاث}[٢] وە دەفەرموێت: { أُمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا اله الا الله فذا قالوها عصموا مني دماءهم واموالهم}[٣]،ئەی بە چ شتێک خوێنی من حەڵال دەکەیت}، بەڵام خەلیفە بەهۆی هاندانی دەوروبەری گوێی بەم قسانە نەدا و گوتی: {بیبەن و توند توند لێیدەن}، دوای لێدانێکی زۆر معتصم چەند جارێک داوای لێکرد کە وەڵامی بداتەوە کەچی وەڵامی نەدایەوە، وە چەند جار لەبەردەستیاندا دەبورایەوە، دواجار کە بورایەوە کاتێ بە خەبەر هاتەوە بینی لە ژوورێکدایە و دەست و پێی کراوەتەوە، ئەمە لە ٢٥ی رەمەزانی ساڵی (٢٢١ک/٨٣٦ز) دواتر خەلیفە بڕیاریدا بچێتە ماڵەوە[٤].

---

(١). ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٠، ص ص٢٤٠-٢٤٢.

(٢). بۆ لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیە و زانیاری زیاتر بڕوانە:الحمدي،أبي بكر عبدالله بن الزبير ، مسند الإمام أحمد،تحقيق، حبيب الرحمن الأعظمي،-عالم الكتب، (بيروت:ب.ت.ط)، ج١،ص٦١.

(٣). بۆ لێکدانەوەی ئەم فەرموودەیە و زانیاری زیاتر بڕوانە:أبي بكر عبدالله: مسند الإمام أحمد، ج١،ص١١.

(٤).ابن الجوزي: مناقب الامام احمد بن حنبل،ص ص٣١٩-٣٤٨؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١١، ص ص ٢٤٣-٢٦٣.

هۆكاری پێداگری ئیمام ئەحمەد و موعتەزیلەكان بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:

١. فەقێیەكان و ماموستایان و نوسەران و شاعیران و زاناكان و خەڵكی چاوەڕێی وەڵامی ئیمام ئەحمەد بوون، (المروزی) دەڵێت: كاتێك چووم بۆ سەردانی ئیمام ئەحمەد، پێم گوت: ئەی باوكی عبدالله خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت:{وَلا تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ} ئیمامی ئەحمەد وەڵامی دایەوە گوتی: بچۆ دەرەوە بزانە چی دەبینی؟، المروزی دەڵێت: كاتێك چوومە دەرەوە خەڵكێكی زۆرم بینی دانیشتوون كاغەز و پێنوسیان بە دەستەوەیە. وتم: ئێوە چ دەكەن وا لێرە دانیشتوون؟ گوتیان: چاوەڕوانی (ئیمامی ئەحمەد)ین چ وەڵامێك دەداتەوە تاكو بینوسین، منیش ئیمامی ئەحمەدم گوت، ئیمامی ئەحمەد گوتی: خۆم دەكوژم بەڵام ئەو خەڵكە گومڕا ناكەم و لە ڕێ لایان نادەم.

٢. موعتەزیلەكان هەڵگری فیكر و ئایدەلۆژیاییێكی تایبەت و ئاڵوز بوون وە زیرەك بوون لە قسەكردندا ئەمەش پشت بەستن بە پێنج بنەماكانی موعتەزیلە (یەكتاپەرستی – دادپەروەری – پێگەیەك لە نێوان دوو پێگەدا - بەڵێن و سزا – فەرمان بە چاكە و ڕێگری لە خراپە) كە هەر كەس باوەڕی بەم پێنج بنەمایەبێت ئەوا موعتەزیلەیە، ئەم گروپە لە باسی خلق القرآن جیانەبونەتەوە بەڵكو ئەوانەی ئەم بابەتەیان وروژاند (جەعدی و جەهمییەكان) بوون، وە پێدەچێت لە كیتابییەكان وەرگرتبێت، چونكە جووەكان دەیانگوت تەورات مەخلوقە.

٣. ئەم دەستەیە بەشێوەییێكی قوڵ ڕەگەكانی بە نێو دەسهەڵاتی خیلافەتدا بڵاوكردبووە تەنانەت منداڵەكانی خەلیفە لە سەر دەستیان پەروەردە دەكران ، وە پشتیان بە دەسهەڵاتی خەلیفەیان دەبەست بۆ بڵاوكردنەوەی بیر و باوەڕەكانیان بەناو خەڵكیدا.

لە ساڵی (٢٢٧ك/٨٤٢ز) كە پێشەوا لە بەندینخانە ئازاد كرا دەستی كردەوە بە گێڕانەوەی فەرمووده كەچی (الحسن بن علی بن الجعد) كە قازی بەغدا بوو نامەیەكی ئاگاداركردنەوەی بۆ (ابن ابي دؤاد) نارد كەوا ئیمامی ئەحمەد دەستی كردووەتەوە بە گێڕانەوەی فەرمووده بۆیە ئیمامی ئەحمەد وازی لە گێڕانەوەی فەرمووده هێنا.

## باسی سێیەم: سەرەتای چاخی دەست ڕۆیشتووی تورک(خەلیفە الواثق باللە) ٢٢٧-٢٣٢ک/٨٤٢-٨٤٧ز

خەلیفە ابوجعفر هارون الواثق کوڕی المعتصم باللە، دایکی پێی دەوترا (قراطيس رومية) لە ڕێگەی مەککە لە دایکبووە، باوکی پشتی پێ بەستووە لە کاتی ئامەدەنەبوو خۆی لە بارەگای خیلافەت، زیاتر بایەخی بە زانست و ئەدەب داوەو هۆشمەند بووە حەزی بە ووتوێژی و هزری بووە و ڕێچکەی خەلیفە(المامون) گرتووە بۆیە پێیان دەوت (المأمون الصغير) پشتی بە ڕەگەزی تورک بەستوە ڕێچکەی باوکی گرتووە، پاش کۆتایی هێنانی هەشت ساڵ و هەشت مانگ بەسەر خیلافەتی معتصم دا معتصم کۆچی دوایی کرد و واثق باللە بوو بە خەلیفەی موسڵمانان بۆیە ئیمام ئەحمەد لە سەردەمی ئەمدا خۆی دەشاردەوەو زۆر دەرنەدەخست وە هەموو سێ رۆژ جارێک جێگاکەی خۆی دەگۆڕی چونکە واثق لە سەرەتای خیلافەتیدا خەڵکی تاقیدەکردەوە پاشان وازی هێنا چونکە جارێکیان لە پێش واثق دا گفتوگۆیەکی درێژ کرا لە نێوان (احمد بن ابي دؤاد) و پیرە مێردێک دا لە کۆتاییدا پیرەمێردەکە سەرکەوت بە سەریدا و(بن ابي دؤاد) هیچ بەڵگەیەکی پێ نەما بۆیە لەوە بە دواوە بە هیچ شێوەیەک واثق باسی نەدەکرد و خەڵکی تاقی نەدەکردەوە، بەڵام ئیمام ئەحمەد لە بەندینخانە هێشتەوە[١].

جوڵانەوەیەک لە سەردەمی واثق باللە دروست بوو بەهۆی بەردەوامی بوونی لەسەر ڕێچکەی سیاسی باوکی لە پشتگیری المعتزلة و بڕوای بەوان هەبوو کە قورئان بەدیهێنراوە و هەوڵیدا بە توندی بیروڕا و ئایدەلۆژیا ئایینیەکانی بەسەر خەڵک بسەپێنێت، ئەم ناڕەزایەتیە بەسەرکردایەتی (احمد بن نصر الخزاعي)[٢] لە ساڵی (٢٣١ک/٨٤٦ز) لە لایەن خەڵک و فیقهەکان درووست بوو تەنانەت پیلانیان دژی داڕشت، بەڵام هەرزوو دار و دەستی خەلیفە بەم جوڵانەوەیە زانیان و الخزاعی تاقیکرایەوە لەلایەن واثق بەڵام وەڵامی نەدایەوە، بۆیە فەرمانیان کرد کە بکوژرێت و سەری لە لاشەی بکرێتەوە و لە سامەرا لە سێدارە دراو سەری لە بەغدا هەڵواسرا و پاش شەش ساڵ سەر و لاشەکەی کۆکرایەوە و لە بەغدا نێژرا واتە ساڵی (٢٣٧ک/٨٥٢ز)، ئەم جولانەوەیە بەڵگەیە لەسەر ناڕەزایەتی بەرامبەر المعتزلة هەرچەندە سێ خەلیفە پشتگیریيان دەکرد[٣].

---

(١). ابن الجوزي: مناقب احمد بن حنبل، ص ص٣٥٦-٣٤٨؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء،ج١١، ص ص٢٦٣-٢٦٤؛ ابو زهرة: ابن حنبل، ص٦٧

(٢). (احمد بن نصر الخزاعي) (مرد:٢٣١ک/٨٤٦ز): احمد کوڕی نصر کوڕی مالک کوڕی الهيثم الخزاعي، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سير أعلام النبلاء،ج١٤، ص٣١٠.

(٣). ابن الجوزي: مناقب الامام احمد بن حنبل، ص٣٩٨؛ کامەران:مێژووی دەوڵەتی عەباسی، ل١٤٧.

## باسی چوارەم: ئیمام ئەحمەد و (المتوكل على الله) ٢٣٢-٢٤٧ک/٨٤٧-٨٦١ز

ناوی (جعفر کوڕی معتصم بالله)یە لە ساڵی ٢٠٦ یان ٢٠٧ک لەدایکبووە، دایکی بە(ام شجاع ترکي) ناسراوە. پیاوانی کۆشکی خیلافەت دوایی مردنی خەلیفە (الواثق)ی برای کردیان بە خەلیفە لەوانە دادوەری دادوەران (احمد بن أبي دؤاد) و وەزیر (محمد بن عبدالمليک بن الزيات) و هەندێ لە سەرکردە و نووسەر و سەرکردەی تورک[١]. ئەم خەلیفەیە حەزی لە المعتزلة نەبووە و قەدەغەی کرد خەڵک لەسەر پرسی قورئان قسە بکەن و زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەی کۆکردەوە و پارەیەکی زۆری پێ دان و فەرمانی پێ کردن کە فەرموودە بگێڕنەوە و رووبەرووی موعتەزیلە و جەهمییکان ببنەوە، بۆیە عثمان بن ابي شيبة لە منصور و ابو بکر بن ابي شيبة لە رصافە دانیشتین بۆ گێڕانەوەی فەرموودە و هەریەکەیان نزیکەی سی هەزار قوتابی گوێگریان هەبوو[٢]، وە هەروەها بڕیاریدا کە لە دەولەتی عەباسی لە هەموو ویلایەتەکان ڕابگەیێنرێت کتێبی فەلسەفەی کەلامی قەدەغە بکرێن و بانگەشە بۆ هیچ فیکر و ئایدەلۆژیاییکی تر نەکرێت وە هەر کرس ئەم بڕیارە پشت گوێ بخات دەخرێتە بەندینخانە، دەسەڵاتی موعتەزیلەکان لاواز بۆیەوە تەنانەت ئەو خەلیفانەی دوای المتوكل هاتن پشتیان پێ نەبەست بۆیە بە فیکر و ئایدەلۆژیاو فەلسەفەکەیان بە گۆشەگیری مایەوە[٣].

پاشان المتوكل ناردی بە شوێن ئیمامی ئەحمەد دا کە سەردانی بکات و دە هەزار دەرهەمی بۆنارد بە مەبەستی خەرج کردنی لە ڕێگاو بان دا ئەویش بە صالحی کوڕی گوتی: ئەو پارەیە ببە لای خۆت، ئەو شەوە کە پارەکە لە ماڵیاندا بوو ئیمامی ئەحمەد خەوی لێ نەکەوت، ڕۆژی دواتر هەمووی بەسەر هەژاراندا دابەشی کرد و هیچی بۆ خۆی نەبرد هەرچەندە لەو پەڕی دەست کورتیدا بوون[٤].

المتوكل ویستی کە (المعتز)ی کوڕی بنێرێت بۆ فێربوونی زانست و گوێ گرتن لە فەرموودە لای ئیمامی ئەحمەد بەڵام ئیمام گوتی: من سوێندم خواردووە کە چیتر فەرموودە نەگێڕمەوە تاکو دەمرم[٥]، چونکە ئیمامی ئەحمەد پێش مردنی بۆ ماوەیەک وازی لە فەرموودە گێڕانەوە هێنا[٦].

---

(١). کامەران: مێژووی دەوڵەتی عەباسی، ل١٤٩.

(٢). مەجید: زانای پایە بەرز: ل ٧٥.

(٣). المزوري، هلز عنتر ولي ، موقف الخلفاء العباسيين من المعارضة (٢٤٧-٦٥٦هـ/٨٦١-١٢٥٨م)،فلسفة في التاريخ الاسلامي، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، (اربيل ،٢٠١٤)، ص ص١٧٧-١٧٨.

(٤). الذهبي: سير أعلام النبلاء، ص٢٧٨.

(٥). ابن الجوزي: مناقب الامام احمد بن حنبل، ص٣٧٥.

(٦). هەمان سەرچاوە، ص ٣٦٩.

## تەوەرەی سێیەم: بەرهەم و نوسینەکانی ئیمام ئەحمەد

ئیمام ئەحمەد بە چەند بەرهەمێکی هەیە کە تاکو ئێستا بوونەتە سەرچاوەی زانیاری خەڵک و زانایان وە تاکو ئێستا لە بەردەستدان، بەڵام ئەم کتێبانە بە زارەکی گێڕدراونەتەوە و قوتابییەکانی نوسیویانەتەوە، ابن الجوزي دەڵێت:{ دروستکردنی کتێبەکانی خۆی نەبینیوە و قەدەغە دەکات لە نوسینی قسە و پرسەکانی خۆی قەدەغەدەکات و ڕێگریکردووە لە نوسینەوی، ئەگەر ئەو شتەی (واتە کتێەکانی) ئەم بەر لەو کتێبانە

١- (المسند)[1]: سەبارەت بە مانای مسند لە فەرهەنگدا واتە" پشتگیری، هەموو شتێک کە پشتی پێ ببەسترێت یان پشتی پێ ببەسترێت" بەڵام لە زاراوەی فەرمودەدا المسند بریتیە لە: فەرمودەیەک یان چەند فەرموودەیەکی ڕەسەن کە دەگەڕێتەوە بۆ گێڕەرەوەیەک لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، وە هەماهەنگی لەسەر بێت، هەروەها مسند واتە کۆکردنەوەی ئەو فەرموودانەی لە کتێبێکدا گێڕاوەتەوە لەلایەن هەر یەک لەمانە: ئایا لەلایەن سەحابەکانەوەگێڕاوەتەوە یان ئەوانەی دوای هاوەڵان هاتوون، بەبێ گوێدانە بابەتی فەرموودەکان یان ڕاستییەکەیان؟ ئیمە لەوانەیە ببینین، هەندێک کتێب کە فەرموودەیان تێدایە لەگەڵ زنجیرەی گواستنەوەکانیان پێیان دەوترێت (المسند).

(المسند) یەکێکە لەو کتێبانەی کە زانایانی فەرموودەناس دادەڕێژن و پشتی پێ دەبەسترێت کە ئەویش سێ جۆرە:

یەکەم: بەشێکی ڕێک خراوە بە گوێرەی پیتی هیجائی واتە ئەو فەرموودەناسە دێت کە سەرەتای ناوی بە (أ) ئەلیف دەست پێ ئەکات، سەرەتا (ابو بكر الصديق) گێڕاویەتەوە دەینوسێ چونکە پیتی یەکەمی بە (أ) دەست پی دەکات پاشان هاوەلێکی دی تاکو ئە هاوەڵانەی بە پیتی (أ) ئەلیف دەست پێدەکات نامێنێ، پاشان پیتی (ب) ئینجا پیتی (ت) .. .. هتد.

دووەم: بەشێکی دی ڕێک خراوە بە گوێرەی پێشبینی بوون بە موسڵمان بوونی ئەو هاوەڵە کە فەرموودەکە دەگێڕێتەوە بۆ نموونە لە پێش هەموویانەوە ئە دە کەسە دێن کە موژدەی بەهەشتیان پێ دراوە پاشان ئەوانەی بەژداری جەنگی (بەدر)یان کردووە .. .. هتد.

سێیەم: بەشێکی دی ڕێک خراوە بەگوێرەی نزیکی هاوەڵەکە کە فەرموودەکەی گێڕاوەتە لە پێغەمبەر (د.خ) واتە هەموویان بنەماڵەی عبد المطلب پاشان بنی هاشم .. ..هتد.

محمد ابو زهرا پێی وایە سەرەتای کۆکردنەوەی (مسند) لەلایەن ئیمام ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ سەرتای داواکاری زانستی فەرموودە، واتە لە ماوەی سالی (١٨٠ک/٧٩٦ز)، مسندی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل سەرەتا بە بەشی (ابو بكر صديق) (ڕ.خ) دەست پێدەکات، لەم بەشەدا باسی ئەو

---

(١).(المسند): الإمام أحمد بن حنبل و مسنده، بحث مقدم في مادة أصول الحديث في السنة الثانية، كلية الدراسات الإسلامية، جامعة إسطنبول شهير، (إسطنبول،٢٠١٤-٢٠١٥م)،ص ص ٣-٥؛

فەرموودانەی کردووە کە لە ڕێگەی ئەبوبەکری صدیقەوە گێڕاوەتەوە (ڕ.خ)، دواتر خەلیفەکانی ڕاشدین لەدوای وی، پاشان هاوەڵەکانی دیکە یەک لەدوای یەک، کوڕی حەنبەل ڕیوایەتی موسەنەدی لە (عبدالرزاق)[1]ەوە دەستی پێکردووە، واتە دەوروبەری ساڵی (٢٠٠ک/٨١٦) کە تەمەنی (٣٦) ساڵ بووە، کە زیاتر لەناو ٧٠٠ هەزار فەرموودەی هەڵبژاردووە و لەسەر زاری (٢٨٠) لە ماموستا و شێخەکانی گێڕاوەتەوە، حەنبەلی کوڕی ئیسحاق[2] (کوڕەزای ئیمام ئەحمەد) دەڵێت:{ئیمامی ئەحمەد من و صالح و عبداللەی کۆدەکردەوە و مسندی بۆ دەخوێندینەوە، جگە لە ئێمە کەسی تر گوێی لێ نەبووە، وتی: ئەم کتێبە لە نێو حەوسەد و پەنجا هەزار فەرموودە بەوردی کۆکراونەتەوە}، هەر فەرموودەیەک لەم کتێبەدا بدۆزرێتەوە بە بەڵگە دادەنرێت، بەڵام هەندێک لە زانایانی تر بانگەشەی ئەوە دەکەن کە المسند فەرموودەی لاواز و هەڵبەستراوی تێدایە بۆ ئەمە (العراقي)[3] ناڕەزای دەربڕی بەرامبەر بە قسەی (ابو موسا المديني)[4] کە دەڵێت: { ئەگەر فەرموودەکە لە (موسەنەد)دا ئاماژە پێنەکرابێت و ئامادەنەبێت ئەوە بە بەڵگە نازانرێت} ، لێرەدا مەبەستی المديني ڕوون نییە، بەڵام ئەگەر بەم شێوەیە وەربگرین، ئەگەر المديني هەموو فەرموودەکانی المسند بە بەڵگە بزانێت، ئەوا فەرموودانەی ناو (موسەنەد)دا بونیان نییە بە بەڵگە نازانێت، (الذهبي) ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت:{ فەرموودەی (صحيح)مان هەیە لە "صحيحين" واتە (بخاري ، مسلم) کە لە (مسند)دا نين} ، ئەی ئەو فەرموودانەی کە لە (مسند)دا هەن و بە لاواز دادەنرێن، کۆمەڵێک فەرموودە هەن هەڵبەستراون یان لاوازن کە لەلایەن (عبدالله ابن احمەد بن حەنبەل) کۆکراونەتەوە، بەڵام هەروەک ئیمامی (السوطي) دەڵێت: { هەموو فەرموودەکانی المسند وەردەگیرێت ئەوانەی لاوازیش بن بە باشە دادەنرێن} ، وە (ابن هاجر) سەبارەت بە فەرموودەکانی االمسند دەڵێت:{هیچ فەرموودەیەک بێ ئەسڵ نیە (واتە ناوی گێڕدراوەکانی ئاماژە پێکراوە تاکو هاوەڵەکان) جگە لەسێ چوار فەرموودە نەبێ ئەم فەرموودانەش بەهۆی چاودێر یان لەبیرچوونەوە بوونیان هەیە}[5].

---

(١). (عبدالرزاق) ١٢٦-٢١١هـ/٧٤٤-٨٢٧م : عبدالرزاق بن همام ابن نافع، زانای یەمەن ناسراو بە (عبدالرزاق الصنعاني) لە شاری صنعای وڵاتی یەمەن بووە، ئیمام ئەحمەد فەرموودەی لێی وەرگرتووە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە؛ الذهبي: سير أعلام االنبلاء، ج٩، ص٥٦٤.

(٢). (حنبل بن اسحاق) ت:٢٧٣هـ/٨٨٦م) : حەنبەلی کوڕی ئیسحاقی کوڕی حەنبەلی کوڕی هیلای کوڕی ئەسەد، زانای مەرموودە، قوتابی و ئاموزای ئیمام ئەحمەد بن حنبل، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە؛ هەمان سەرچاوە، ج١٣، ص٥٢.

(٣). (العراقي) ٧٢٥-٨٠٦هـ/١٣٢٥-١٤٠٣م : ناوی تەواوی، زين الدين عبدالرحيم کوڕی الحسين العراقي الكردي، زانای فەرموودە لە میسر ژیاوە و لە قاهیرە کۆچی دوایکردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:https://hadith.islam-db.com.

(٤). (ابو موسا المديني) ٥٠٢-٥٨١هـ/١١٠٩-١١٨٦م : زانای فەرموودە محمدی کوڕی ابی بكری مەدینی خاوەنی (التصانيف)، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە؛ الذهبي: سير أعلام االنبلاء، ج٢١، ص١٥٢.

(٥). عبدالزاق محمد أسود، المدخل دراسة الأديان و المذهب، دار العربية للموسوعات،(بيروت:١٩٨١م)،ج٢، ص ص١٨٩-١٩٣.

ئەم موسەنددە بە بڕی تاک تاک نوسراوەتەوە لەلایەن عبداللەی کوڕی ئیمامی ئەحمەد، هەمووی بەش بەش دانا و هەر بەشەو خاوەنی ناوی گێڕدراوەکەی بوو ، ئیمام ئەحمەد کاتێک فەرموودەی المسندی دەخوێندەوە دەیگوت :{ئەم فەرموودەیە لە مسندی فلان کەس زیاد کە، وە ئەمە فەرموودەیەش لە مسندی فلان کەس زیادی بکە}، وە دەڵێن کوڕی ئیمام ئەحمەد هەموو فەرموودەکانی لە ژێر دەسەڵاتی باوکی نوسیوویەتی بەبێ دەستکاری لە بەشەکانی بکات بەڵا لەدوای ئەو (ابو بکر القطیعي)[1] ڕیوایەتی کردووە ئەمەش ناسراوە بە (زوائد القطیعي) کە مامی دایکی پەیوەنی بە دەوڵەتەوە هەبووە (عبدالله کوڕی الجساس)و زۆرجار کە عبداللای کوڕی ئیمام ئەحمەد زۆرجار (المسند)ی بۆ کوڕی خەلیفە دەخوێندەوە و ئەیش لەوێ گوێی لێدەبوو، واتە لەژێر دەسەڵاتی خۆی فەرموودەکانی زیاد کردووە[2].

شێوازی داڕشتنی مسندی ئیمام ئەحمەد، کۆکەرەوەی هەموو موسەنەدەکان ئەو کتێبەیە کە نوسەرەکەی گێڕانەوی هەر هاوەڵێکی بە تاک بە تاک کۆکردۆتەوە بۆ نموونە فەرموودەکانی ئەبوبکر لەژێر ناوی خۆیدا کۆکراوەتەوە، هەموو فەرموودەکانی ئەبو هورەیرەش لەژێر ناونیشانی ناوی خۆیدا کۆدەکاتەوە و هتد، بەبەێ ئەوەی جیاوازی بکات لەنێوان صەحیح و لاوازدا، وە یەکەم کەس کە ئەم میتۆدەی داڕشت و جێبەجێی کرد (إمام ابو داوود الطیالسي ١٣٣-٢٠٤هـ/٧٥٠-٨١٩ز)[3] بوو، گورەترین کاریشی لەسەری مسندی ئیمام ئەحمەد بوو، ئەم کتێبە گشتگیرە و (١٨) هەژدە مسندی تێدایە یان هەژدە بەشی تێدایە:

مسندی یەکەم: مسندی ئەو دە کەسەی مژدەی بەهەشتبان پێدرا بوو، دووەم: مسندی أهل البیت (واتە بنەماڵەی پێغەمبەر)، سێیەم: مسند ابن مسعود، چوارەم: مسند ابن عمر، پێنجەم: مسند مسند عبدالله بن عمرو بن العاص و أبي رمثة، شەشەم: مسند العباس و أبنائه الکرام، حەوتەم: مسند عبدالله بن عباس، هەشتەم: مسند أبي هریرة، نۆیەم: مسند أنس بن مالک خادم رسول الله (ص)، دەیەم: مسند أبي سعد الخدري، یازدەهەم: مسند جابر بن عبدالله الأنصاري، دوازدەهەم: مسندی مەککییەکان، سێزدەهەم: مسندی مەدینییەکان، چواردەهەم: مسندی کوفییەکان، پازدەهەم: بەصرییەکان، شازدەهەم: مسندی شامییەکان، حەڤدەهەم: مسند الأنصار، هەژدەهەم: مسند عائشة لەگەڵ مسندی ئافرەتان[4].

(١). (أبو بکر القطیعي) ٢٧٣-٣٦٨هـ/٨٨٧-٩٧٩م : ئەحمەدی کوڕی جعفری کوڕی حەمدانی کوڕی مالکی بغدادي القطیعي ئەبو بەکر، ناسراوە بە القطیعي، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (منهج الإمام أحمد بن حنبل في مسنده): https://www.quranicthought.com .

(٢).مەجید: زانای پایە بەرز، ل ل٨١-٨٤.

(٣).(إمام ابو داوود الطیالسي) ١٣٣-٢٠٤هـ/٧٥٠-٨١٩م: بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم کەسایەتیە بڕوانە؛ ؛ الذهبي: سیر أعلام االنبلاء، ج٩، ص٣٧٩.

(٤).بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بەشەکانی (المسند احمد بن حنبل) بڕوانە: (منهج الإمام أحمد بن حنبل في مسنده): https://www.quranicthought.com.

نوسەر واتە ئیمام ئەحمەد ویستویەتی کتێبێک کۆبکاتەوە کە ڕیوایەتەکانی هاوەڵانی تێدابێت، بۆ ئەوەی لە بەشی هەر هاوەڵێکدا باسی فەرموودەکانی بکات کە لەسەر دەسهەڵاتی پێغەمبەر (د.خ) دەیگێڕێتەوە، وە هەر فەرموودەیەک بە تاک دابنرێ بۆ گێڕدراوەکەی[١].

٢- التفسیر: (لێکدانەوە) لە سەد و بیست هەزار فەرموودە پێکهاتووە،[٢].

٣- الناسخ والمنسوخ: (لەبەرگرتنەوە و هەڵوەشاندنەوە) ئەم کتێبە بریتیە لە شەرح و تەفسیری قورئانی پیروز وە لێگدکدانەووەی بیروڕاکان لەسەر سورەتەکانی قورئانی پیرۆزو کە لە سورەتی (البقرة) دەست پێدەکات تاکوتای، توێژنەوەی (محمد عباس نعمان الجبوري) لەژێر ناونیشانی (إشكالات النسخ في القرآن الكريم عند العلماء ماهيته وأثره في تفسير النص القرآني) واتە: کێشەکانی هەڵوەشانەوە لە قورئانی پیرۆزدا بە گوێرەی زانایان، سروشتی و کاریگەرییەکەی لەیەر لێکدانەوەی دەقی قورئان. ئەم توێژینەوەیە تتاوتوێ لەسەر کراوە لە کتێخانەی (الشيخ حماد الأنصاري) لە شاری مەدینە[٣].

٤- التاريخ: تایبەت بە مێژووی فەرموودەکان کە لە لایەن ابن الجوزی باسی لێوەکراوە.

٥- حديث الشعبة: ئەمەش بەشێکە لە مسندی ئیمام ئەحمەد کە لە (مغيرة بن شعبة)[٤] (ر.خ) گێڕدراونەتەوە[٥].

٦- المقدم والمؤخر في القرآن[٦]،

٧- جوابات القرآن: وە ئەمەش بە هەمان شێوە (ابن الخطيب) ئاماژەی پێکردووە لە کتێبی خۆی لە بەشی عبداللای کوڕی ئیمام ئەحمەد.

---

(١). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(منهج الإمام أحمد بن حنبل في مسنده):https://www.quranicthought.com.

(٢). ئیبن الندیم و و ابن الجوزی باسیان لەوە کردووە، کە لە سەر دەسهەڵاتی الزەجاج لە کتێبی( معاني القرآن)دا هاتووە لە (بەرگی ٤، لاپەرە ١٦٦) دەڵێت: { زۆربەی ئەو لێکدانەوانەی لە کتێبی (التفسیر) گێڕدانەوەتەوە لەلایەن منەوە گێڕدراونەتەوە لەسەر دەسهەڵاتی ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل}، لە شوێنێکی تردا لە (بەرگی ٨، لاپەڕە ٤)دا دەڵێت: {ئێمە لەسەر دەسهەڵاتی ئیمامی ئەحمەد موڕی حەنبەل لە کتێبی (التفسیر)دا لێکدانەوەکانمان گێڕدراوەتەوە ئەمەش لەدوای ئەوەی کە عبداللای کوڕی مۆڵەتی پێداوین و لەسەر دەسهەڵاتی ئەو گێڕدراونەتە}بەڵام الذهبي لە (سير أعلام النبلاء: ج١١، ص٣٣٢ و ج١٣، ص٣٢٥)دا ڕەتی دەکاتەوە.

(٣). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://ketabpedia.com

(٤). (مغيرة بن شعبة) ت:(؟هـ/؟م): هاوەڵێکی سەردەمی پێغەمبەرە بەناوی (کوڕی باوکی عامر کوڕی مسعود کوڕی معتب، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سير العلام النبلاء، ج٣، ص٢٢.

(٥). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (منهج الإمام أحمد بن حنبل في مسنده):https://www.quranicthought.com.

(٦).الخطيب بغدادي لە کتێبی (تاريخ بغداد ج٩، ص٣٧٥)دا باسی کردووە، لە وەرگێڕانی (عبدالله بن أحمد الرابطی المروذي) لە (طبقات ج١، ص٦٢)ی ابن أبی یعلی دا، هەندێک لە لە ناوەڕوکەکەی هەیە، کە ئاماژە بە عباللای کوڕی ئیمام ئەحمەد دەدات کە لەلایەن ئەوەوە کۆکۆراوەتەوە.

٨- المناسک الكبير و الصغير: (ڕێوەڕەسمە گەورەکان و بچووکەکان) ئەمە باس لە ڕێوەڕسمەکانی ئایینی ئیسلام.

٩- الرد على من ادعى التناقض في القرآن.

١٠- فضائل صحابة: (فەزیلەتی هاوەڵان)، ئەم دانەیە بریتیە لەو فەرموودە و لێکدانەوەی گێڕدراونەتەوە کە لە لایەن (عبدالله کوڕی ئیمام ئەحمەد) وە (أبو بكر القطيعي) کۆکراونەتەوە و زیادکراون، ئەم بەشە لە دوو بەرگ پێکدێت کە (وصي الله کوڕێ محمد عباس)[١] لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە[٢].

١١- الزهد:(زاهیدبوون)، ئیبن حجەر لەکتێبی (تعجيل المنفعة)دا دەڵێت: {ئەم کتێبە (الزهد) گەورەیە، نزیکەی یەک لەسەر سێی موسەنەدە، سەرەڕای قەبارە گورەکەی موسەنەد، وە فەرموودە و روونکردنەوەی زۆری تێدایە کە لە (مسند)دا نیە.

١٢- الاشربة: (خواردنەوەکان)، ابن تيمية دەڵێ: {ئیمام ئەحمەد کتێبێکی گەورەی لەسەر خواردنەوان فەرموودەی کۆکردۆتەوە،من هیچ کەسێکم نەناسیوە کە کتێبێکی گەورەتری لێ نووسیبێت}. لە لێکۆڵینەوەی (صبحي جاسم البدري) بەناوی ( الأشربة الإمام احمد بن حنبل) لە (مطبعة العاني: بغداد) ژمارەی فەرموودەکان کە کۆکراونەتەوە (٢٤٢) فەرموودەیە.

١٣- المسائل أحمد بن حنبل: ئەم کتێبە لەلایەن عبداللای کوڕی گێڕدراونەتەوە، وە لێکۆڵینەوە لەسەر کراوە لەلایەن (زهير الشاويش ت:١٤٣٤هـ/٢٠١٢ک) لە مكتب الإسلامي، لە بیروت ساڵی ١٩٨١م چاپکراوە.

١٤- علل الحديث: ئەم کتێبەش (أبو بكر الخلال)[٣] نوسیتی و فەرموودەکانی کۆکردۆتەوە کە هەمووی لە (المسند)دا هەیە.

---

(١). (وصي الله کوڕێ محمد عباس) : وصي الله کوڕی محمد عباس کوڕی أحمد عباس، لە ساڵی (١٩٤٨ ز/١٣٦٧ک) لە دایکبووە، زانای فەرموودە، وانەبێژی شەریعەت لە هەردوو مزگەوتی پێغەمبەر (د.خ) وە مزگەوتی (الحرمين الشريفين) لە سعودیە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.gph.gov.sa.

(٢). تێزی دکتۆرای (وصي الله کوڕێ محمد عباس) بوو لە ( زانکۆی مککە بەشی دراسات عليا) لە ساڵی (١٤٠١ک/١٩٨١ز) وە لە ساڵی (١٤٠٣ک/١٩٨٣ز) لەلایەن دامەزراوەی (الريسالة) لە بیروت چاپکراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.gph.gov.sa

(٣). أبو بكر الخلال (ت:٣١١هـ/٩٢٤م): زانای حەنبەلی، ابو بكر،أحمد کوڕی محمد کوڕی هارون البغدادي الخلال، قوتابی (أبو بكر المروذي)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الذهبي: سير اعلام النبلاء، ج١٤، ص٢٩٧.

١٥- الورع: (تەقوا) ئەم کتێبەش بۆ ئیمامی ئەحمەد دەگەڕینرێتەوە، نەک لەبەر ئەوەی لەلایەن ئەو نوسراوە، بەڵکو لەلایەن ئەبو بکر المروزی (خوێندکارەکەی ئیمام ئەحمەد) نوسراوە، وە چاپ کراوە.

١٦- الوقوف والوصايا: (هەستانەوە و ئیرادە) ئەم کتێبەش چاپکراوە، باس لەو ڕووداوانە کراوە کە تایبەتن بە ئیمام ئەحمەد.

١٧- الرد على الزنادقة: (وەڵامدانە بۆ لادەرەکان) ئیمام الذهبي دەڵێت: "الرد على الزناديقة" لە سێ بەرگ پێکدێت.

١٨- الإمامة: (ئیمامەت)[1].

---

(١).الذهبي لە (سير أعلام النبلاء ج١١، ص٣٣٠)دا ئاماژەی پێکردووە، دەڵێت: بەرگێکی بچوکە.

## تەوەرەی چوارەم: قوتابییەکانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و کۆتا ساتەکانی ژیانی

### باسی یەکەم: قوتابییەکانی ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل

له كاتی فەرمووده گێڕانەوه و وانەوتنەووه ژمارەیەكی زۆر قوتابی له زۆر شوێن له جیهانی ئیسلامی هاتونەته وانەكانی ئیمام ئەحمەد و لێی كۆبوونەتەوه چەندین زانا و فەرموودەناس لەژێر دەستی فێر بوون و بوونەته زانا و فیقهـ ناس و زانست خواز، ژمارەیەک له خوێنكاره پله باڵاكان و پێشینەكان، كه چەندین بەرگیان لەسەر مامۆستاكەیان نووسیوه (الذهبي) له كتێبەكەیدا بەناوی (سير أعلام النبلاء) ئاماژەی بەو قوتابیانه كردووه كه نزیكەی (٤٩) قوتابین لەوانه (أبو بكر المروذي، و أبوبكر الأثرم، ومحمد بن إسماعيل البخاري، ومسلم بن الحجاج بن مسلم، و ابن هاني، و يوسف بن موسى الحربي، و بدر المغازلي، وأبي يحيا الناقد، و عبدوس العطار، ومحمد بن موسى بن مشيش، و يعقوب بن بختان، ومهنى الشامي، وصالح بن أحمد، و أخيه، وابن عمهما حنبل، وأبي الميموني، وأبي داود السجستاني، ومحمد بن حبيب البزاز، وجعفر بن احمد الواسطي ...هتد) وه چەندین كەسایەتی دیكه كه ئاماژه پێكراوه[١].

لەو قوتابی و هاوڕێ نزیكانەی كه فەرمووده له ئیمام ئەحمەد دەگێڕنەوه و فەرموودەیان له ئیمام وەرگرتووه زۆرن بەڵام لێرەدا به پوختی ئاماژه به هەندێک كەسایەتی دەكەین كه قوتابی و رەفیقی ئیمام ئەحمەد بوون، ئەوانیش بریتین له:

أ- **أبو بكر المروذي** (٢٠٠-٢٧٥ک/٨١٥-٨٨٨ز)

ئەحمەدی كوڕی محەمەدی كوڕی حەجاج ئەبوبكر ناسراو به (المروزی) له هەندێک سەرچاوەش به (القفال المروذي) ناسراوه، واته قوفڵچی وا دیاره ئەمه پیشەی المروزی بووه، باوكی خواریزمی بووه، وه دایكی مروزی بووه كه خێڵێكی دەشتەكی بەغدایه، یەكێک بووه له هاوڕێ نزیكەكانی ئیمام ئەحمەد وه ژمارەیكی زۆری فەرمووده له ئیمام وەری گرتووه و گێڕدراونەتەوه، تەنانەت تا كۆچی دوای ئیمام ئەحمەد هەر لەگەڵیدا بووه و ئەو ئیمامی ئەسپەرده كردووه، خاوەنی كتێبی (كتاب الورع عن الأمام أحمد بن حنبل)، له ساڵی (٢٧٥ک/٨٨٩ز) كۆچی دوایی كردووه، له بەغدا نێژرا[٢].

---

(١). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: الذهبي: سير أعلام النبلاء، ص ص٣٣٠-٣٣١.

(٢). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: خطيب البغدادي: تاريخ البغداد، ص٤٢٣-٤٢٥؛ الصفدي، صلاح الدين بن خليل بن أيبک بن عبدالله، الوافي بالوفيات، تحقيق. أحمد الأرناؤوط- تركي مصطفى، دار أحياء التراث، (بيروت: ٢٠٠٠م)، ج٧، ص ٢٥٦.

**ب- أبوبكر الأثرم** (؟ - ٢٦١ک/؟ - ٨٧٥ز)

زانای گەورە کۆکەرەوەی فەرموودەکان، (أبو بكر کوڕی احمد کوڕی محمد الإسكافی، له سەردەمی خەلیفە (هارون الرشيد) لەدایک بووە لە شاری (إسكاف) له بەغدا، زانستی له کۆمەڵە زاناکانی سەردەمی خۆی وەرگرتووە، لەو سەردەمە بەوە ناسراو بووە کە یادەوەریەکی بەهێزی هەبووە، وە لە وانەکانی ئیمام ئەحمەد یان لەکاتەکانی تردا زۆر پرسیاری لە ئیمام کردووە، الأثرم دەڵێت:{ کێشە و گرفتەکان دروست دەبوون من لەبیرم دەکردن، بەڵام دوای کە گەیشتم بە ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل، وریاییەکی سەیر و بیرکردنەوەی قوڵی هەبوو}، وە لەگەڵ ئەوەشدا (ابن يعلى) لە کتێبی (طبقات الحنابلة) ئاماژە بە گێڕانەوەکانی الأثرم دەکاتو کە فەرموودەی لە ئیمامی ئەحمەد وەرگرتووە و پۆلێنیان کردووە و بەش بەش ڕێزیان کردووە، مێژوونوسان و زانایانی فەرموودە لەسەر ساڵی کۆچی دوایی أبو بكر الأثرم کۆک نین بەڵام ئەوە پشت ڕاست کراوەتەوە کە لە دەوروبەری ساڵی (٢٦٠ک/٨٧٤ز) کۆچی دوای کردووە[١].

**ج- أبي داود السجستاني** (٢٠٢-٢٧٥ک/٨١٧-٨٨٨ز)

ئیمامی سەردەمی خۆی، سليمان کوڕی الأشعث کوڕی شداد کوڕی عمرو کوڕی عامر الأزدي سجستانی، ناسراو بە (أبو داود) وە ناسراویشە بە (فەرموودەناسی بەسری)، لە شاری سجستان لە دایک بووە، بەڵام لە بسرە گەورە بووە و بووە بە کەسایەتی دیاری ئایینی بسرە وە زیاتر لە جارێک سەردانی بەغدای کردووە و قوتابی ئیمامی ئەحمەد بووە و کاری گەری لەسەری هەبووە، ئەم کەسایەتیە خاوەنی کتێبی (السنن)ە کە لە فەرموودەکان پێکهاتووە، وە خطيب أبوبكر دەڵێت:{دەوترێت هەر لە زووەوە (السنن)ی کوکردەوە و پێشکەشی ئەحمەدی کوڕێ حەنبەلی کردووە و ئەویش پەسەندی کردووە}، محمد کوڕی موليد دەڵێت:{ أبو داود سەد هزار فەرموودەی دەخوێند، وە کاتێک کتێبی (السنن)ی کۆکردەوە و بۆ خەڵکی خوێندەوە، کتێبەکەی بوو بە ئەهلی فەرموودە وەک قورئان، ئەوانیش شوێنیان گرت و دژایەتیان نەکرد}، وە کتێبی (الناسخ) کوکردەوە و لە بەغدا دەیخوێندەوە بۆ خەڵک، (أبي داود) لەساڵی (٢٨٥ک–٨٨٨ز) لە بەسرە کوچی دوایی کرد هەر لە بەسرا بە خاک سپێردرا[٢].

---

(١). احمد بن محمد بن حنبل بن هيلال بن أسد، سؤالات أبي بكر الأرثم في الجرح والتعديل و علل الحديث، تحقيق: أبو عمر محمد بن علي، الفاروق الحديثة للطباعة والنشر، (قاهرة:٢٠٠٧)، ص ص ٢٤–٢٩.

(٢).أبي يعلى، أبو الحسين محمد بن، طبقات الحنابة، تحقيق: محمد حامد الفقي، مطبعة السنة المحمدية، (القاهرة:١٩٥٢)، ج٢، ص ص ١٥٩–١٦٢؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ص ص ٢٠٣–٢٢١.

**أبو عبدالله البخاري (١٩٤هـ-٢٥٦-٨١٠/٨٦٩م)**[1]

محمد کوڕی إسماعيل کوڕی إبراهيم بن المغيرة کوڕی بردزبه، (بەردزبە) وشەیەکی ئوزبکستانیە واتە جوتیاران، لە ساڵی (١٩٤ ک/٨١٠ز) لەدایک بووە، لە شاری بوخارا کە ناوی ئەم شارە بۆی دەگەڕێتەوە، کە ئێستا یەکێکە لە شارەکانی ئوزباکستان، لە تەمەنی منداڵیدا کەوتە نێو بازنەی زانایان ئەوەی یارمەتیدەر بووە کەش و هەوای بوخارار بوو کە ناوەندی فێربوون و زانست بوو، البوخاری لە تەمەنی ١٦ ساڵدا سەفەری مەککە دەکات، بە یاوەری دایکی و ئەحمەدی برای، بۆ ئەنجامدانی حەج، ئەوان لەدوای خۆیان بەجێی هێشتووە بۆ بەدەستهێنانی زانستی زیاتر، لەوێش بۆماوەی شەش ساڵ مایەوە و دوای ئەوە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فەرموودەکان بۆ ئەم مەبەستە لەنێوان وڵاتاندا سەفەری کردووە، لە بەغداوە تا کوفە و دیمشق و میسر و خوراسان و...هتد، بیری لەوە کردۆتەوە کە هەوڵبدات داوای زیاتر بکات و بنوسێت.

کەسایەتی ناسراو لە یەکەمی شەوالی ساڵی (٢٥٦ک/٨٦٩ز)، لە نوێژی ئێوارەدا کوچی دوایی کردووە و لە نیوەڕۆی جەژندا لە یەکێک لە گوندەکانی سەمەرکەند بەخاک سپێردراوە، ئەمەش لەدوای ئەوەی فەرمانڕەوای بوخارا لە شارەکە دەرکردبوو، گەیشتبووە ئەوێ واتە (سەمەرکەند)[2]، چونکە ڕەتیکردەوە بچێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکان نەک خەڵکی گشتی ، لەو کاتە قسەیەکی کر گوتی:{ من زانست زەلیل ناکەم، نە هەڵدەگرم بۆ بەردەرگای خەڵک}.

البوخاری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە زانایان کۆبووەوە، تا گەیشتە زیاتر لە هزار کەس، هەڵبەتە لە ماوەی سەفەرە زۆرەکانی و گەشتە بەرفراوانەکانیدا، بوخاری دەڵێت:{ نزیکەی هەزار و هەشتا کەسم نووسیوە، جگە لە ناوی فەرمووده گێڕەوەکان کەسیترم نەنوسیووە}. تەنانەت ئەوانەی فەرموودەکان دەگێڕنەوە مەرجیان بۆ داناوە کە دەبێت لە سەردەمی ئەو کەسە بێت کە فەرموودەکەی لێ وەرگرتووە، وە دەبێت بە گوێی خۆی گوێی لێ بووبێت، دەبێت تەقوا و متمانە پێکراوبێت وە دەبێت لێزان و شارەزابێت لەبواری فەرموودەناسیدا. چیرۆکی نوسینی کتێبەکەی (الجامع الصحيح) کە بە یەکەم کتێب دادەنرێت کە لەسەر فەرموودەی ڕاست و دروست پولێنکراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئیرادە و زیرەکی و دڵسوزی وە ئەم کارە ١٦ ساڵی خایاند، ئیمامی ئەحمەد لەسەر بوخاری دەڵێت: { خوراسان (واتە ویلایەتی خوراسان) کەسی وەک محەمەدی کوڕی ئیسماعیل بوخاری بەرهەم نەهێناوە}.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە ماموستای سەرەکی ئیمامی بوخاری (ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) بووە، ناسراو یەکێک بووە لە قوتابییە پێشینەکان، بەڵام ئەوی جێگای پرسیارە ئەوەیە کە هۆکاری کەمی گێڕاوەکان(مرويات)ی ئیمامی ئەحمەد لە کتێبی (صحيح البخاري)دا چییە، ئیمام

---

(١). أبو عبدالله البخاري (١٩٤هـ-٢٥٦/٨١٠-٨٦٩م): بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.aljazeera.net.

(٢). سەمەرکەند: شارێکە لە شارەکانی ئوزبەکستان.

ئەحمەد لە کتێبی ئیمامی بوخاری دا لە دوو جێگادا باسی لێوە کراوە، لە سێیەمیشدا جیاوازی هەیە ئەوەی مەبەست لێی ئەوەیە لە (صحیح)دا باسی لێوەکراوە و لێی گێڕاوەتەوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئیمامی بوخاری دڵنیایە لەوەی کە گێڕانەوەکانی ئیمام ئەحمەد لەلایەن قوتابیەکانیەوە بەتایبەت نزیکەکانی و ئەوەی زۆربەی کات لەگەڵیدا بووە لە بەرهەمەکانیاندا ڕاست و پارێزراون، هیچ ترسێک نییە لەدەستدانی بۆ ئەو گێرانەوانە وەک ئیمامەکانی تر، ئەهلی عیلم هۆکاریان خستوتە ڕوو، بەگوێرەی ئیمامی بوخاری جێی متمانەن[١].

## باسی دووەم: کۆتا ساتەکانی ژیانی ئیمام ئەحمەد کوڕی حەنبەل

صاڵحی کوڕی گوتی: {لە یەکەمی ڕبیع الاول ساڵی ٢٤١ک، باوکم تای هەبوو، شەوەکە بە تایەکەوە بەسەر برد و هەناسەی قورسی دەدا، من نەخۆشیەکەیم زانی بۆیە هەر کاتێک نەخۆش کەوتبا من شیرم پێدەدا، پاشان ویسیتی هەستێتەوە وتی: دەستم بگرە، منیش دەستم گرت بۆ توالێت، ئەمە لە رۆژی سێ شەممەدا بوو}، لەو چەند ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لەبەردەم ماڵی ئیمام ئەحمەد وەستا بوون داوای بینینی ئیمامین دەکرد، هەندێکیان هەڵیان کوتایە ژورەوە فەتح کوری سەهل چو بەر دەرگاکە بۆ ئەوەی بیانگێرتەوە، منیش نەمهێشت لەوکاتە کوڕی علي کوڕی الجعد دەرگاکەی قوفڵ کرد و خەڵکەکەش هەر زیاد دەبوون، وتی: {چون دەبینی؟ وتم: تۆ ئیزنیان بدە و ئەوانیش دوعات بۆ دەکەن}. بۆیە دەرگاکەیان کردەوە و خەڵکەکە هاتنە ژورەوە و حەوشەکەیان پر بوو، خەڵکەکە بە ڕێژەیەک زیادیان کرد شەقام و کۆڵان پڕ ببوو، دواتر بە کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتنە ژوورەوە و دەچونە بەر پەنجەرەی ژووری ئیمام و دوعایان بۆ دەکرد، صالح گوتی: {من لە لای بووم، وتی: وەسیەت نامەکەم بۆ بخوێنەوە، بۆیە منیش خوێندمەوە و ئەویش پشتڕاستی کردەوە، من لە تەنیشتی دەخەوتم، ئەگەر پێویستی بە شتێک بوایە، منی دەجوڵاند و منیش دەمدایە دەستی، ئەویش زمانی دەجوڵاند تا ئەو شەوەی وەفاتی کرد، بەردەوام بوو لە هەڵسانەوە بۆ نوێژکردن بۆیە منیش دەمگرت و ئەویش کڕنوشی دەبرد و سوجدەی دەبرد منیش بەرزم دەکردەوە، ئازارەکانی زیندانکرندی و ئەشکەنجەدانی زیانێکی زۆریان پێگەیاند بوو}[٢].

ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەل لە دوای خۆرهەڵاتنی ڕۆژی هەینی لە (١٢ی ربیع الاول٢٤١ک/٢١ ئایاری ٨٥٥ز) لە تەمەنی ٧٧ سالیدا یان ٧٨ ساڵیدا لە بەغدا کۆچی دوایی کرد دوای نۆ رۆژ لە نەخۆشیە کوشندەکەی بەسەر برد، ابو بکری المروزی چاوەکانی نوقاند و شۆردی و ئەسپەردەی کرد، دواتر محەمەدی کوڕی عبدالله کوڕی طاهر نوێژی لەسەر کرد و لە دواوەی

---

(١). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://www.aljazeera.net.

(٢). الذهبي: سير أعلام النبلاء، ص ٣٣٤-٣٤٣.

نزیکەی ٨٠٠ هەزار پیاو و ٦٠٠ هەزار ئافرەت نوێژیانکرد ئەم ڕێژەیە لەلایەن بیست کەس پێشبینیکراوە کە لە لایەن خەلیفە المتوکل ڕاسپێردران بۆ مەزەندەکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە نوێژیان لەسەر ئیمام ئەحمەد کرد کە ئەمەش الذهبي ئاماژەی پێکردووە، لە گۆڕستانی (باب حرب) لە بەغدا بەخاک سپێردرا، باب حرب گردێکە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای (کازمیة)ی ئیستا، بەڵام بەهۆی لافاوی رووباری دیجلە لە ساڵی (١٩٣٧)ی زایینی بووە هۆی ئەوەی کە قەبری بگوازنەوە بۆ مزگەوتی (عارف ئاغا) لە ناوچەی (حەیدەر خانە) لە بەغدا[١].

---

(١).عبدالله،ئارام، ژیانی چوار پێشەواکەی ئیسلام، چ٢، کتێبخانەی مەحوی، (سلێمانی:٢٠٠٩)، ل ١١٧؛ (https://www.aljazeera.net).

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە بە چەند ئەنجامک گەیشتووە کە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە بیخەینەروو :

١.ئەنجامی توێژینەوە و وردبوونەوە لە بابەتی ڕەچەڵەکی (ئیمامی ئەحمەد کوڕی حەنبەڵ) وە شوێنی لەدایک بوونی، بومان دەردەکەوێت کەوا ڕەچەڵەکی ئیمام ئەحمەد بەپێی زۆرینەی سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی (المروزي) سەر بە تیرەی (الشيباني)ە، کە یەکێکە لە خێڵە بەناوەبانگەکانی عەشیرەتی (بەکر کوڕی وائیل)، یەکێکە لە هۆزەکانی ڕەبیعە وە یەکێکە لە کۆنترین هوزەکان لە عێراق نیشتەجێ بوون، لە بەسرە تا ذل قار، وە ئیمام ئەحمەد کوڕی محمەدی کوڕی حەنبەلی شەیبانییە بەناوی باپیری ناسراو بووە، چونکە یەکێک بوو لە والیەکانی دەوڵەتی عەباسی، ناسراو لە مانگی ربیع الاول لە ساڵی (١٦٤ک/٧٨٠ز) لە شاری (مرو) کە شارێکە لە شارەکانی ئیستای (کازاخستان) لەدایکبووە دواتر کۆچیان کردووە بۆ بەغدا و لوێ نیشتەجێ بوونە.

٢. توێژینەوەکە دەریخستووە دوای ئەوەی تەمەنی منداڵی لاوی لەژێر سەرپرشتباری دایکی گەورە دەبێ و فێری خوێندن و خوێندنەوە دەبێو لەلایەن دایکیەوە داوا لێدەکرێ کە بەدوای زانستدا بگەرێ بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی ڕێبەر و زانا لە ئایینی ئیسلامدا، بۆیە چەندین سەفەری زانستی ئەنجامدا لەوانە (بەسرە، کوفە، جەزیرە، مەککە و مەدینە، یەمەن، ناوچەسنووریەکان، هەرێمی چیا و شام، وە میسر) ، هەر یەک لەم ناوچانە فەرموودەی لە چەندین زانای فەرموودە وەرگرت یەکەم کەس کە فەرموودەی لێ وەرگرت و بە یەکەم مامۆسای دادەنری ( هيشيم بن بشير الواسطى)، وە چەندین فەرموودەی لە ( ئیمامی محمد الأشافعی) وەرگرتووە، ئیمام ئەحمەد فەرموودەی لە نزیکەی (٣٠٠) زانای فەرموودە وەرگرتووە.

٣. لە ئەنجامی توێژینەوەکە بۆمان دەرکەوت کەوا ئیمام ئەحمەد لە سەردەمی خەلیفە (الالمأمون بالله) تاقیدەکرێتەوە لەسەر مەسەلەی (خلق القرآن) کە ئەم فیکرەیە لەلایەنە زانایانی گروپی (المعتزلة) بڵاوکراوە و دروسترا کە لە سەردەمی مەئمون دەستیان دەگاتە ناو کۆشکی خەلیفە و دەسهەلات، ئەوەی ڕۆڵێ سەرەکی بینی (ابن أبی دؤاد) بوو کە سەرۆکی قازیکانی وڵات بووە؟، وە یەکێک بووە لە زانا گەورەکانی موعتەزیلەکان کە دژایەتی ڕاستەوخۆی (ئەحمەدی) کوڕی حەنبەڵی دەکرد، وە لە سەردەمی خەلیفە (المعتصم بالله) ئەم ئەرکەی پێ سپێردرا، چونکە معتەسیم خەریکی جەنگ و فتوحات بوو، بۆیە ئیمام ئەحمەد بۆ ماوەی (٢٨) مانگ زیندانکرا، بەڵام دانی نەنا بە مەسەلەی (خلق االقرآن) بۆیە خەلیفە بەم کارە هەڵساو ئیمام ئەحمەد زۆر بە توندی ئەشکەنجە درا، وە لە سەردەمی خەلیفە (الواثق بالله)ش هەر تاقیکرایەوە، بەڵام هەر لەسەر قسەی خۆی بوو کە

قورئانی پیرۆز وتەی خوایە نەک دروستکەری خوایە، بۆیە فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەر چوو، بەڵام خەلیفە و دارو دەستەکەی کە موعتەزیلەکان بوون ئەم بڕیارەیان هەڵوەشاندەوە بەهۆی ناڕەزایەتی خەڵکی بەغدا، وە لە سەردەمی (المتوكل على الله) ئیمام ئەحمەد ئازادکرا وە گروپی موعتەزیلەکان لە پۆستە ئیداریەکان لادران بیر و ئایدەلۆژیاکانیان قەدەغەکرا لە بلاوبونەوەیان لە ناو وڵات دا.

٤. توێژینەوەکە ڕۆنی کردۆتەوە کە ئەحمەدی کوڕێ حەنبەڵ خاوەن چەند بەرهەمێکە کە بونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ و پڕ لە بایەخ بۆ موسڵمانان و زانیانی فەرموودە،بەرهەمەکانی ئیمام ئەحمەد لەلایەن قوتابیەکانی کۆکراینەتەوە و نوسرایەن ، چونکە هەر وەک (الذهبي) ئاماژەی پێکردووە لە (سير أعلام النبلاء) کە دەڵێت: {ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ڕێگەی نەداوە کە وتەکانی بنوسرێنەووە} وە (ابن الجوزی)ش ئاماژە بەمەدەکات، لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی (المسند) کە لە ٣٠٠ هەزار فەرموودە پێکهاتووە بە ڕیزبەندی ئەوانەی ئیمام فەرموودەیان لێ وەرگرتووە ژمارەیان دەگاتە ٢٨٦ کەس، وە لە چەندین بەش و بەرگ پێک هاتووە، وە خاوەن میتۆدی نوسینی خۆی بووە.

٥. سەبارەت بە قوتابیەکانی، قوتابیەکی زۆری هەبووە کە زاناو نوسەر و ڕێبەری گەورەی لێ درووست بوو ، ئەوانەی ئیماژە پێکراون کە لە قوتابیە پێشینەکانی ئیمام ئەحمەد بوون (أبو بكر المروذي، أبو بكر الأرثم، أبي داود السجستتاني، أبو عبدالله البخاري) کە خاوەن بەرهەمی خۆیانن، دواتر کۆتا ساتەکانی ژیانی ئیمام ئەحمەد لێمان کۆڵیەوە بۆمان دەرکەوت کە بۆ ماوەی نۆ ڕۆژ نەخوشیەکی کوشندەی هەبووە، لە ساڵی (٢٤١ک/٨٥٥ز) لە تەمەنی(٧٧) ساڵیدا کۆچی دوای کرد و لە گۆرستانی (باب حرب) لە بەغدا نێژرا.

## ليستى سەرچاوەكان

### یەكەم/ سەرچاوە ڕەسەنەكان

**- سەرچاوە بنەڕەتیەكان بە زمانی عەرەبی**


**- القرآن الكريم**

**- ابن الأثير،عزالدين:ابي الحسين علي بن الكرم محمد بن محمد بن عبدالكريم بن عبدالواحد الشيباني الجزري،ت:(٥٥٥هـ /١١٦٠م).**

١- الكامل في التاريخ، تحقيق. عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، (بيرت: ١٤٢٧هـ/٢٠٠٦م).

**- الأصبهاني، أبي نعيم احمد بن عبدالله بن احمد بن اسحاق ابن موسى بن مهران،ت:(٤٣٠هـ /١٠٣٨م).**

٢- حلية الاولياء و طبقات الأصفاء، تحقيق.محمد أمين الخانجي، مطبعة السعادة، (مصر: ١٣٥٧هـ/١٩٣٨م).

**- ابن الجوزي، جمال الدين ابو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد الجوزي، ت:(٥٩٧هـ-١٢٠٠م).**

٣- منا قب الامام أحمد بن حنبل، تحقيق.عبدالله بن عبد المحسن التركي، ط٣، دار هجر، (د.م.ط: ١٤٠٩هـ/١٩٨٩م).

**- ابن أبي حاتم، ابي محمد عبدالرحمن بن ابي حاتم محمد بن ادريس بن المنذر التميمي،ت:(٣٢٧هـ -**

٤- كتاب الجرح والتعديل، د.تح، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية، (حيدر آباد الدكن- الهند: ١٢٧١هـ-١٩٥٢م).

**- ابن حنبل، احمد بن محمد بن حنبل بن هيلال بن أسد، ت:(٢٤١هـ/ ٨٥٥م)**

٥- سؤالات أبي بكر الأرثم في الجرح والتعديل و علل الحديث، تحقيق: أبو عمر محمد بن علي، الفاروق الحديثة للطباعة والنشر، (قاهرة:٢٠٠٧).

**- الحميدي،أبي بكر عبدالله بن الزبير بن عسى القريشي الأسدي المكي، ت:(٢١٩هـ/٨٣٤م).**

٦- مسند الإمام أحمد،تحقيق، حبيب الرحمن الأعظمي، عالم الكتب،(بيروت: ب.ت.ط)، ج١،ص٦١.

**- ابن خلكان،شمس الدين، أبو العباس أحمد بن محمد بن إبراهيم بن ابي بكر، ت:(٦٨١هـ/١٢٨٢م).**

٧- وفيات الاعيان و أبناء و أنباء الزمان، تحقيق، احسان عباس، دار صادر، (بيروت: ١٩٧٨م).

**- الخطيب البغدادي، أبو بكر أحمد بن علي بن ثابت، ت:(٤٦٣هـ/١٠٧١ز).**

٨- تاريخ بغداد أو مدينة السلام، تحقيق.مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠١١م).

**- الذهبي، شمس الدين محمد بن احمد بن عثمان بن قايماز الذهبي، ت:(٧٤٨هـ/١٣٧٤م).**

٩- تاريخ الاسلام و وفيات العشاهر و الاعلام حوادث و وفيات (٢١١-٢٢٠هـ)، تحقيق.عمر عبدالسلام تدمري، دار الكتاب العربي، (بيروت: ١٤٢٣هـ/٢٠٠٣م).

١٠- تاريخ الاسلام و وفيات العشاهر و الاعلام حوادث و وفيات (٢٤١-٢٥٠هـ)، تحقيق.عمر عبدالسلام تدمريدار، الكتاب العربي ، (بيروت: ١٤٢٠هـ/١٩٩٩م).

١١- سير اعلام النبلاء، تحقيق. شعيب الأرنؤوط-صالح السمر، ط١١، دار مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٤١٧هـ/١٩٩٦م).

١٢- سير اعلام النبلاء، تحقيق. شعيب الأرنؤوط-علي أبو زيد، ط٩، دار مؤسسة الرسالة، (بيروت: ١٤١٣هـ/١٩٩٣م).

**- الصفدي، صلاح الدين بن خليل بن أيبک بن عبدالله الصفدي، ت:(٧٦٤هـ/١٣٦٣م)**

١٣- الوافي الوفيات، تحقيق.أحمد الأرنؤوط- تركي مصطفى، دار احياء التراث العربي، (بيروت: ١٤٢٠هـ/١٩٩٩ز).

١٤- الوافي بالوفيات، تحقيق.أحمد الأرناؤوط- تركي مصطفى، دار أحياء التراث، (بيروت: ٢٠٠٠م).

**- الطبري، ابي جعفر محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب، (٢٢٤-٣١٠هـ/٨٣٩-٩٢٣م).**

١٥- تاريخ الرسل والملوک،تحقيق،محمد أبو الفضل إبراهيم،ط٢،دار المعارف (قاهرة:١٩٦٦م)

**- ابن كثير،أبى الفداء اسماعيل بن كثير القرشي الديمشقي، ت:(٧٧٤هـ / ١٣٧٣م).**

١٦- البداية والنهاية، تحقيق. عبدالله بن عبد المحسن التركي، دار احياء التراث العربي، (بيروت: ١٤١٧هـ/١٩٩٧م).

**- أبي يعلى، أبو محسن محمد بن محمد، (٤٥١-٥٢٦هـ/١٠٥٩- ١١٣١ز)**

١٧- طبقات الحنابة، تحقيق: محمد حامد الفقي، مطبعة السنة المحمدية، (القاهرة:١٩٥٢).

**دووەم/ ژێدەرەکان**

**١- کوردی**

١٨- عبدالله، ئارام ، ژیانی چوار پێشەواکەی ئیسلام، چ٢، کتێبخانەی مەحوی، (سلێمانی:٢٠٠٩)

٢٠- دوسکی،تەحسین ئیبراهیم ، دگەل مروڤێن خودێ،چ:٣ ، چاپخانا ترکیا ماتریس، (دهوک:٢٠١٨).

١٩- تەحسین، محەمەد تەحسین ، سیستەمی پشتاوپشت لە دەوڵەتی عەباس، چاپخانەی رۆژهەڵات، (هەولێر: ٢٠١٤).

٢٠- شڵماشی، محەمەد، مەجلیسی ئەولیاء، چ:٦، بڵاوکراوەی کوردستان، (سنە: ١٩٩١ز).

٢١- طقوش، محەمەد سهیل، مێژووی دەولەتی عەباسی، و:هیمن ئەحمەد، چاپخانەی چوار چرا، (سلێمانی:٢٠١٥).

٢٢- مەجید، مەجید حەمید، زانای پایە بەرز ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، (ب.ش.چ)، (هەولێر: ١٤٢٧ک/٢٠٠٦ز).

٢٣- فەتح لڵا، کامەران عەلی، مێژووی دەوڵەتی عەباسی، چاپخانەی رۆژهەڵات، (هەولێر: ٢٠١٩).

**٢- عربي**

٢٤- أسود، عبدالزاق محمد ، المدخل دراسة الأديان و المذهب، ج٢، دار العربية للموسوعات، بيروت: ١٩٨١م).

٢٥- ابو زهره، محمد: تاريخ المذهب الفقهية، القاهرة، دار الفكر العربي ( د.م.ط، د.س.ط).

٢٦- ابو زهرة، محمد: ابن حنبل حياته و عصره_ آراؤه و فقهه، دار الفكر العربى (بيروت: ١٩٤٨م).

**سێیەم/ نامە ئەکادیمییەکان**

**(أ) عەرەبی**

احمد عبدالعزيز محمود

٢٧- الأمن في بغداد خلال العصر العباسي الأول(١٤٥-٢٤٧هـ/٧٦٢-٨٦١م)، التاريخ اسلامي،أطروحة دكتوراه، كلية الأداب، الجامعة صلاح الدين، (اربيل: ١٩٩٨).

نور محمد شاهين

٢٨- الإمام أحمد بن حنبل و مسنده، بحث مقدم في مادة أصول الحديث في السنة الثانية، كلية الدراسات الإسلامية، جامعة إسطنبول شهير، (إسطنبول: ٢٠١٤-٢٠١٥م).

هلز عنتر ولي المزوري

٢٩- موقف الخلفاء العباسيين من المعارضة (٢٤٧-٦٥٦هـ/٨٦١-١٢٥٨م)،فلسفة في التاريخ اسلامي، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، (اربيل: ٢٠١٤).

**(ب) کوردی**

عەلی طاهرلەطیف

٣٠- جەدەلەی نێوان موعتەزیلە و حەنبەلیەکان (خوداناسی بە نموونە) (دەوروبەری ساڵی٨٠-٢٣٧ک/٦٦٩-٨٥١ز)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، (زانکۆی سلێمانی: ٢٠١٧).

**سایتەکان**

31_https://www.aljazeera.net

32_https://www.gph.gov.

33_ https://www.kurdipedia.org

34_ https://www.alameli.net

35_ http://www.mawsoah.net


36_ https://shamela.ws.

37_ .https://hadith.islam-db.com

38_https://www.quranicthought.com.


# پاشکۆکان

## پاشکۆی (١)



دەستنوسی (أحمد بن حنبل) لە کتێبی (المسند) بەڵام ئەم دەستنوسە کاتی وەرگرتنی فەرمووددەدا نوسیتی. لە ئەم دەستنوسە لە ئەرشیفی (خەزانەی ئیمام علي) لە شاری تارودانت مەغریب (https://www.alukah.net).

## پاشکۆی (٢)



دەستنوسی (أبو بكر المروذي) قوتابی (أحمد بن حنبل) لە کتێبی (أخبار الشيوخ وألأخلاقهم).
(https://www.alukah.net)

**پاشكۆی (٣)**




**دەستنوسی (أبو بكر الأرثم) لە كتێبی (السنن) لاپەرە ٩. (https://www.alukah.net)**

**پاشكۆی (٤)**



**دەستنووسی (أبو داود السجستاني) لە كتێبی ( السنن أبو داود). ئەسلی ئەم نوسخەیە لە كتێبخانەی (دار الإفتاء:السعودية ).(https://www.alukah.net)**

**پاشکۆی (٥)**



**دەستنووسی (أبو عبدالله البخاري) لە کتێبی (صحيح البخاري)، ئەم دەستنوسە لە ئەرشیفی (خەزانەی ئیمام علي) لە شاری تارودانت مەغریب هەڵگیراوە.**

(https://downloadislamic-books.blogspot.com)

**پاشکۆی (٦)**




**قەبری (الإمام أحمد بن حنبل) لە بەغدا.** (https://www.aljazeera.net)